ژوری توێژینەوەی سیاسی
Political Research Room
گۆڕان GORRAN

ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا

## دیدگای هیلاری و ترامپ بۆ قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئا. بەهمەن ئەحمەد



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
ئابی 2016

# هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا
## دیدگای هیلاری و ترامپ بۆ قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست


**ئا. بەهمەن ئەحمەد**

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**


**ئابی 2016**

### پێرست


پێشەکی ........ ٢
پرۆسەی هەڵبژاردن لەئەمەریکا ........ ٣
قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن ........ ٣
چەند زانیارییەکی گشتی لە بارەی هەردوو پارتی کۆماریو دیموکراتەکان ........ ٦
ستراتیژی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو عێراق ........ ٩
یەکەم: هیلاری کلینتۆن ........ ١٠
کورتەیەك لەژیانی هیلاری ........ ١٠
سیاسەتی هیلاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ........ ١١
1. پرسی ئێرانو رێککەوتننامە ئەتۆمییەکە ........ ١٣
2. داعش و جەنگی تیرۆر ........ ١٤
3. عێراق ........ ١٦
4. کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین ........ ١٩
5. سعودییە ........ ٢٢
کۆمارییەکان (دۆناڵد ترامپ) ........ ٢٣
کورتەیەك لەژیانی دۆناڵد ترامپ ........ ٢٣
1. پرسی ئێرانو چەکی ئەتۆمی ........ ٢٥
2. داعشو شەڕی تیرۆر ........ ٢٥
3. عێراق و پرسی کورد ........ ٢٨
4. کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین ........ ٣٠
5. سعودییە ........ ٣١
ئەنجام ........ ٣٢
سەرچاوەکان ........ ٣٣

**پێشەکی**

بەپێی بۆچونی زۆربەی شیکەرەوە سیاسییەکان، هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ی ئەمەریکا دەگمەنترین هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەیە، بەو پێیەی زۆرترین کەمپینی بانگەشەی کاندیدەکان جەختکردنەوە بووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بەتایبەت دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا بۆ پرسە گەرمەکانی جیهان بەگشتیو قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی.

سێ بابەتی سەرەکی کاندیدەکانی ناچارکردووە کە زیاتر لەهەڵبژاردنەکانی پێشوی ئەمەریکا گرنگی بە سیاسەتی دەرەوە بدەن، ئەوانیش پرسی ئاسایشی نیشتیمانی و لێشاوی زۆری پەنابەرانو پرسی تیرۆر. جگە لە پرسی ئابوری کە سەرنجی کاندیدەکانی بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان لەئاسیای ناوینو ئەوروپای خۆرئاوا راکێشاوە، تەواوی پرسە گەرمەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایشی نیشتیمانیو تیرۆرو پرسی کاریگەرییەکانی لێشاوی پەنابەران لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونو کاندیدەکانیش زۆرترین لێدوانیان لەسەر پرسە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداوە.

ناوەرۆکی ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتە بە شیکردنەوەی قۆناغەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکاو چۆنیەتی دەستپێکردنو کۆتایی پێهێنانی پرۆسەکە.

هاوکات هەوڵدەدەین دیدو بۆچونی کاندیدە سەرکەوتوەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەربارەی پرسە گەرمو هەستیارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەینەروو. لەوانەش پرسی رێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران، شەڕی داعشو روبەروبونەوەی تیرۆر لەعێراقو سوریا، سعودیەو کێشەی ئیسرائیل-فەلەستینو لە کۆتایشدا خوێندنەوەی کاندیدەکان بۆ پرسی کورد لەباشوری کوردستانو سیاسەتی ئەمریکا بۆ پرسەکانی تایبەت بەکورد.

## پرۆسەی هەڵبژاردن لەئەمەریکا

ئەمەریکا خاوەنی کراوەترینو دیموکراسیترین پرۆسەی هەڵبژاردنە لەسەرتاسەری جیهاندا، بەڵام ئەم پرۆسەیە هەندێك جار لەدونیای دەرەوە وەك پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەبینرێت. لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا پرۆسەی هەڵبژاردن تەنها چەند هەفتەیەك دەخایەنێت، بەڵام لەئەمەریکا پرۆسەکە نزیکەی یەك ساڵ دەخایەنێتو بە قۆناغەکانی سەرەتاو کۆنگرەی حزبیو سیستمی هەڵبژاردنی کۆلێژدا تێدەپەڕێت.

## قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن

١. قۆناغی سەرەتایی؛ یەکەم قۆناغی هەڵبژاردنە لەئەمەریکا کە لەلایەن حکومەتە لۆکاڵییەکانو ویلایەتەکانەوە بەڕێگای دەنگدانی نهێنی ئەنجامدەدرێت. لەهەموو دونیادا حزب کاندیدی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات، بەڵام لە ئەمەریکادا لایەنگرانی حزبەکان لەپرۆسەیەکدا کاندیدی حزب بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دیاریدەکەن. بەشێوەیەکی ئاسایی، هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەمانگی نۆڤەمبەردا ئەنجامدەدرێن، بەڵام قۆناغی سەرەتایی هەڵبژاردنەکان لەمانگی یەکەوە دەستپێدەکات. لەم قۆناغەدا دەنگدەرانی حزبەکان نوێنەری ویلایەتەکەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکان دیاریدەکەن، ئەم نوێنەرانەش کە بەشێوەیەکی گشتی کاندیدی خۆیان دیاریکردووە، بەشداری کۆنگرەی گشتی حزبەکەیان دەکەن بۆ دیاریکردنی کاندیدی حزب.[١]

پرۆسەی دەنگدانی سەرەتایی، لەبنکەکانی دەنگدانی ئاسایی ئەنجامدەدرێتو لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی دەکرێتو تێچووەکەشی دابیندەکرێت. سیستمی هەڵبژاردنی سەرەتایی هاوشێوەی سیستمی کۆکس، شێوازی کراوەو داخراوی هەیە. لەشێوازی داخراودا تەنها ئەو دەنگدەرانەی کە ناوەکانیان تۆمارکراوە بۆیان هەیە بەشداری دەنگدان بکەنو بەشێوەی دەنگدانی نهێنی دەنگەکانی خۆیان بەکاندیدی دیاریکراو دەدەن. لەشێوازی کراوەدا هەموو کەسێک لەلایەنگرانی حزبەکانو سەربەخۆکانیش دەتوانن بەبێ ناوتۆمارکردن دەنگی خۆیان بدەن، بەڵام بەهەمان شێوازی داخراو دەنگدانەکە بەشێوەی دەنگدانی نهێنی دەبێت.

1. One-Minute World News, at the site;
http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/americas/04/us_election/election_process/html/default.stm

٢. لەهەندێك ویلایەتی وەك (ئایۆوا) لەجیاتی سیستمی سەرەتایی سیستمی (کۆکس)[٢] بەکاردەهێنن کەتێیدا پارتە سیاسییەکان لەڕێگەی ئەنجامدانی کۆبونەوەی تایبەتەوە چەند گروپێك دروستدەکەن، تیایدا دەنگدەرانی هەر کاندیدێك دەبنە گروپێكو ئەو دەنگدەرانەش کە بێلایەنی لەنێوان کاندیدەکاندا هەڵدەبژێرن دەبنە گروپێك. لەکۆبونەوەکاندا هەر گروپێك هەوڵی رازیکردنی ئەوانی دیکە دەدات بۆ پاڵپشتیکردنی کاندیدەکەیان. لەکۆتایشدا رێکخەرانی کۆبونەوەکە کە نوێنەری حزبن دەنگدەرانی هەر کاندیدێك لەگروپەکان هەژماردەکەنو ژمارەی ئەو نوێنەرانە دیاریدەکەن کە هەر کاندیدێك دەیباتەوە.

سیستمی سەرەتایی ئاساییو کۆکس بەشێوەی کراوەو داخراو تێکەڵ ئەنجام دەدرێت. لەسیستمی سەرەتاییو کۆکسی کراوەدا دەنگدەر دەتوانێت دەنگ بەکاندیدی هەر لایەنێکی سیاسی بدات کە خۆی دەیەوێت.

لە سیستمی داخراوی سەرەتاییو کۆکسدا دەنگدەران لەسەر حزبێکی دیاریکراو تۆماردەکرێنو تەنها بۆیان هەیە دەنگ بە کاندیدی ئەو لایەنە بدەن.

بەهەمان شێوە شێوازی نیمچەکراوە هەیە کە تێکەڵەیەکە لەمەرجەکانی هەردوو شێوازی کراوەو داخراو. لەسیستمی سەرەتاییو کۆکسی نیمچەکراوەدا حزب دەنگدان بە دوو کاندید دەکاتە مەرجی بەشداربون لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکەو دەنگدان بەوانی دیکە دەکاتە بژاردەی خۆیان، واتە دەنگدان بە دوو کاندیدی یەکەم لەلیستی ناوی کاندیدەکان بەخواستی حزب دەبێتو دەنگدان بەکاندیدەکانی دیکەش بەخواستی دەنگدەران خۆیان دەبێت. هیچ ویلایەتێکی ئەمەریکا ئەم شێوازە لەدەنگدان بەکارناهێنێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، بەڵکو هەندێک ویلایەتی وەک کالیفۆرنیاو لویزیاناو واشنتۆن، سیستمی نیمچەکراوە لەپێشبرکێکانی هەڵبژاردنی کۆنگرێسو نوێنەری ویلایەتەکان بەکاردەهێنن.

---

٢. سیستمی کۆکس لەهەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا پرۆسەیەکە تێیدا ژمارەیەک لەئەندامانی حزب کە پێشتر ناویان تۆمارکراوە کۆدەبنەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ کۆنگرەی گشتی حزب. کۆبوونەوەی کۆکس کە لەلایەن حزبەوە بەڕێوەدەبرێتو تێچووەکەی دابیندەکرێت، لەنێو هۆڵو یانەکانو هەندێک جاریش لەشوێنەگشتییەکاندا رێکدەخرێت. لەکۆبوونەوەی کۆکسدا پێش هەڵبژاردنی نوێنەرەکان، گفتوگۆی چڕو پڕ لەسەر کاندیدەکانو بەرنامەو پرۆژەکانیان دەکرێتو هەر لایەک هەوڵدەدات زۆرترین پشتیوان بۆ کاندەدەکەی خۆی کۆبکاتەوە. زۆر جاریش شێوازی جێبەجێکردنی کۆبوونەوەکە لای پارتە سیاسییەکان جیاوازە، بۆنمونە لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ی کاندیدەکاندا، شێوازی دەنگدانی کۆکس لەلایەن ئەندامانی کۆمارییەکانەوە بەشێوازی دەنگدانی نهێنی بەڕێوەچوو، بەڵام دیموکراتەکان خۆیان بەسەر گروپی پشتیوانانی کاندیدەکان دابەشکردو دواتر هەژماریان کرد. هەروەها لە حزبی دیموکراتەکاندا هەر نوێنەرێک پێویستی بەکۆکردنەوەی رێژەیەکی دیاریکراو لەدەنگ هەیە تاکو ببێتە نوێنەری هەڵبژاردنی کاندیدەکان لەکۆنگرەدا. ئەم کۆبونەوەیە هەندێک جار لەویلایەتەکانیشدا گۆڕانکاری تێدا دەکرێتو بەپێی خواستی ئەو ویلایەتە ئەنجامدەدرێت. بەشێوەیەکی گشتی، هەندێک ویلایەت شێوازی دەنگدانی سەرەتاییو هەندێکی دیکەش شێوازی دەنگدانی کۆکس بەکاردەهێنێت. ئەو ویلایەتانەی کە بەزۆری شێوازی دەنگدانی کۆکس بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانی کۆنگرە بریتین لەویلایەتەکانی (مینەسۆتە، ئایۆوا، هاوای، ئالاسکا، کۆلرادۆ، کانساس، نۆرز داکۆتا و وایۆمینگ)ە.

٣. قۆناغی بەستنی کۆنگرەی حزب، لەم قۆناغەدا هەر ویلایەتێك نوێنەری خۆی بۆ کۆنگرە ئامادەکردووەو بەهاتنە ناوەوەیان لەڕێگەی پۆستەرەکانەوە پاڵپشتی خۆیان بۆ کاندیدێکی دیاریکراو ئاشکرادەکەن. دواتریش لە پرۆسەی کۆکردنەوەی دەنگەکاندا ئەو کاندیدەی توانیبێتی دەنگی زۆرترین نوێنەرانی ویلایەتەکانی بۆخۆی مسۆگەر کردبێت، ئەوە دەبێتە تاکە کاندیدی ئەو حزبە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.[٣]

هەر لەو کۆنگرەیەدا، کاندیدی هەڵبژێردراوی حزب کەسێك وەك جێگری سەرۆك کۆماری ئایندە دیاریدەکات.

٤. قۆناغی کامپین (دوای کۆنگرە)، لەم قۆناغەدا ململانێکان لەکاندیدەکانی نێوحزبەوە دەگوازرێتەوە بۆ ململانێی کاندیدی حزبی بەرامبەر. ماوەی قۆناغی کامپین بەبەراورد بەقۆناغی سەرەتایی قۆناغێکی کورتترەو کاندیدەکان زیاتر گرنگی بە چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیو دیداری تەلەفزیۆنیو کۆبونەوەی جەماوەری یەك ملیۆنی دەدەن. هاوکات لەم قۆناغەدا کاندیدی حزبەکان رووبەرووی یەکتری دەبنەوەو پلانو ستراتیژی خۆیان بەروونتر بۆ هاوڵاتیانی ئەمەریکا روونودەکەنەوە. لەهەفتەکانی کۆتایشدا کاندیدەکان هەوڵەکانی خۆیان لەو ویلایەتانە زیاتر چڕدەکەنەوە کە دەنگدەرانیان بۆ هیچ کام لە دوو حزبی کۆماریو دیموکراتی یەکلایی نەبۆتەوە، چونکە ئەم قۆناغە زۆر هەستیارەو ئەم هەنگاوهی کۆتای دەرفەتی بردنەوەیان زیاتر دەکات .

٥. رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆك، بەو شێوەیەی لە برگەی چواری ماددەی دوی دەستوردا دیاریکراوە، سێ شەممەی دوای یەکەم دوو شەمەی مانگی نۆڤەمبەر رۆژی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەو کۆنگرێسیش مافی گۆڕینی ئەو رۆژەی هەیە.

لەم رۆژەدا ملیۆنان هاوڵاتی ئەمەریکی روو لەسندوقەکانی دەنگدان دەکەن. پاش تێپەربونی ١٢ کاتژمێر بەسەر هەڵبژاردنەکاندا، تەواوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئاشکرادەکرێن.

جیاواز لە پرۆسەی هەڵبژاردنی زۆربەی وڵاتانی جیهان، هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار بەهەڵبژاردنی گشتی کۆتایی نایەتو پاش ئەو قۆناغەش پرۆسەیەکی دیکە دەستپێدەکات کە بەپرۆسەی کۆمەڵەی هەڵبژاردنەکان(electoral college) ناوزەند دەکرێت. ئەم پرۆسەیە وەك لەدەستوری ئەمەریکادا هاتووە بۆ دروستکردنی

3. How the election works , at the site;
http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/americas/04/us_election/election_process/html/default.stm

هەماهەنگییە لەنێوان هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن خەڵكو هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن **دەستەبژێرێك** لەكۆمەڵگا.[٤]

لەم پرۆسەیەدا كە ١٩ی مانگی دیسەمبەرو دوای هەڵبژاردنە گشتییەكەی سەرۆكایەتی ئەمریكا بەرێوەدەچێت، تیایدا دەنگدەران لە هەڵبژاردنی كاندیدی سەرۆكایەتیدا دەنگ بەیەكێك لە دەستە هەڵبژێردراوەكەی پرۆسەی كۆمەڵەی دەنگدان دەدەن، كە ژمارەیان ٥٣٨ دەنگدەرەو لەو ژمارەیەش كاندیدی سەرۆكایەتی پێویستی بە كۆكردنەوەی ٢٧٠ دەنگی دەنگدەری دەستەبژێر یان هەڵبژێرەر هەیە. هەر ویلایەتێك ژمارەی دەنگدەری دەستەبژێرەكانی جیاوازە كە نوێنەرایەتی ئەو ویلایەتە دەكەن لە كۆنگرێسدا.

پرۆسەی دەنگدانو هەڵبژاردنی دەستەبژێرەكان لەلایەن كۆنگرێسی ئەمەریكاوە بەڕێوەدەچێتو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانو سیناتۆرەكان بۆیان نییە لەهەمان كاتدا دەنگدەربنو چاودێریش بكەن. هەر كاندیدێك گروپی دەنگدەرانی خۆی هەیە كە بەهاوكاری حزبەكەی دەستنیشانیان دەكات، بەڵام بەرپرسیارێتیو دەسەڵاتەكانی هەڵبژێرەكان بەپێی ویلایەتەكان دەگۆڕێت، بەم جۆرە دەنگدان بە كاندیدێكی سەرۆكایەتی، هاوكات دەنگدانە بەگروپی دەستەبژێرە دەنگدەرەكانی ئەو كاندیدە، كە كۆنگرێس رێكی دەخات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكو جێگری سەرۆكی كۆماری ئەمریكا.

٦. هەڵبژێرەرانی كۆنگرێس(electors) بەپێی یاسا ناچار ناكرێن بەوەی دەنگ بەهەمان ئەو كاندیدە بدەن كە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی گشتیدا دەنگی زۆرینەی خەڵكی بردۆتەوە. بەڵام لەمێژوی ئەمریكادا بەدەگمەن روویداوە كاندیدێك دەنگی گشتی مسۆگەر كردبێت، بەڵام هەڵبژێرەكانی كۆنگرێس دەگیان پێنەدابێت.[٥]

---

4. How the election works , at the site;
http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/americas/04/us_election/election_process/html/default.stm
5. How the election works , at the site;
http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/americas/04/us_election/election_process/html/default.stm

## چەند زانیارییەکی گشتی لە بارەی هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتەکان

| بابەتە سەرەکییەکان | دیموکراتەکان | کۆمارییەکان |
| --- | --- | --- |
| فەلسەفەی سیاسی | لیبرال، چەپرەو | موحافزکار، راسترەو |
| بیروباوەڕی ئابوری | زیادکردنی کەمترین بری موچە، داهاتی زیاتر و باجی زیاتر، باوەریان بەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری حکومی هەیە. | باوەریان وایە نابێت باج لەسەر کەس زیادبکرێت، تەنانەت سەرمایەدارەکانیش، پێویستە نرخی کرێی کارکردن لەلایەن بازاری ئازادەوە دیاریبکرێت. |
| بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و مرۆیی | زیاتر پەیوەستن بە بەکۆمەڵگا و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی | زیاتر باوەریان بە مافی تاك و دادوەری کۆمەڵایەتی هەیە |
| سوپا و پرسە سەربازییەکان | باوەریان بەکەمکردنەوەی تێچووی پێویستییە سەربازییەکان هەیە | باوەریان بەزیادکردنی تێچووی پێویستییە سەربازییەکان هەیە |
| هاوسەرگیریی هاوڕەگەزەکان | پشتگیریی دەکەن (هەندێکیشیان باوەریان پێی نیە) | پشتگیریی ناکەن ( هەندێکیشیان باوەریان پێیەتی ) |
| لەباربردنی منداڵ | باوەریان بە یاسای ( رۆ و وەید ) هەیە کە دەڵێت پێش دروستبوونی ئومێدی ژیان لەکۆرپەلەدا دایك مافی لەباربردنی هە یە | باوەریان پێی نیە و بەهەموو جۆرێك لەباربردن رەتدەکەنەوە |
| سزای لەسێدارەدان | هەرچەندە پشتیوانییەکی زۆری لەناو دیموکراتەکاندا هەیە، بەڵام لەبنەرەتدا لەسێدارەدان لەگەڵ بنەماکانی فکری دیموکراتیدا یەکناگرێتەوە | رێژەیەکی ئێجگار فراوانی کۆمارییەکان پشتگیریی لەسێدارەدان دەکەن |
| سیاسەتی باج و خەراج | باوەریانوایە ئەوانەی داهاتیان زۆرە پێویستە رێژەی سەدی باجیان زیاتربێت ، بەشێوەیەکی گشتی دژی زیادکردنی باج نین و ئەم هەڵوێستەشیان لەپێناوی زیادکردنی داهاتی حکومەتە | باوەریان بە سیستمی باجی ئاسۆیی هەیە (دیاریکردنی رێژەیەك لە باج بەبێ رچاوکردنی بری داهات ) بەشێوەیەکی گشتی دژی زیادکردنی باجن |
| رۆڵی حکومەت | باوەریان بەزیادکردنی رۆڵی حکومەت و خزمەتگوزارییە حکومییەکان هەیە | باوەریان وایە زیادکردنی رۆڵی حکومەت رێگری لە بازاری ئازاد و سەرمایە گوزاری دەکات، بەمەش دەرفەتی کار کەمدەبێتەوە |
| سیاسەتی تەندروستی | پشتگیری هەوڵە نێودەوڵەتییەکان دەکەن لەپرسی لەناوبردنی نەخۆشییە مەترسیدارەکان، باوەریان بە زیادکردنی رۆڵی حکومەت لەکەرتی تەندروستیدا | باوەریانوایە دەبێت کەرتی تایبەت خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بکەن. باوەریان بە بەرنامە تەندروستییەکەی ئۆباما نییە و پێیانوایە تاك خۆی دەبێت |

| | | |
|---|---|---|
| | هەیە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کەم دەرامەت، هاوکات پشتگیریی سیتمی چارەسەری ئۆباماش دەکەن | بیمەی تەندروستی خۆی دابینبکات |
| پرسی پەنابەران | پشتگیرییەکی زۆر هەیە بۆ راگرتنی بەرنامەی ناردنەوەی پەنابەران، هاوکات لەگەڵ ئەوەشن کە مافی هاوڵاتیبوون بدرێت بەو پەنابەرانەی کە زیاتر لە ٥ ساڵ لەئەمەریکا ژیاون و تاوانیان ئەنجام نەداوە | بەشێوەیەکی گشتی پشتگیریی هەناردەکردنەوەی پەنابەرانن، دژی جیاکردنەوەی پەنابەرانن لە مەسەلەی وەرگرتنی مافی هاوڵاتیبوون، هەروەها دژی بریارەکەی ئۆبامان کە بەشێوەیەکی کاتی ناردنەوەی پەنابەرانی راگرتووە، هەروەها پشتگیریی توندکردنەوەی یاساکانی وەرگرتنی ڤیزا و هاتنە ژوورەوەی پەنابەران و گەشتیاران دەکەن |
| ئەو ویلایەتانەی تیایاندا بەهێزن | کالیفۆرنیا، ماسەچوتس، نیۆرك | ئۆکلاهۆما، کانساس، تەکساس |
| سیمبول | وێنەی فیل | وێنەی گوێدرێژ |
| رەنگ | شین | سور |
| ساڵی دامەزراندن | 1854 | 1824 |
| وێب سایتی فەرمی | www.democrats.org | www.gop.com |
| سەرکردەی ئەنجومەنی پیران | هاری رید | مچ مکنێڵ |
| وتەبێژ | دۆنا برزیل | رێینس پریبەس |
| سەرۆکە بەناوبانگەکانیان | فرانکلن روسەڤێڵد، جۆن کەنەدی، بیل کلنتۆن، وددرو ویلسن، جیمی کارتەر، باراك ئۆباما | ئابراهام لینکۆڵن، تێدی روسەڤێڵد، رۆناڵد ریگن، جۆرج بوش، ریچارد نیکسن |
| ژمارەی کورسییەکانیان لەئەنجومەنی پیران | لەسەدا ٤٤ | لەسەدا ٥٤ |
| ژمارەی کورسییەکانیان لەخانەی نوێنەران | 188لە ٤٣٥ کورسی | 245لە ٤٣٥ کورسی |
| ژمارەی حاکمی ویلایەتەکانیان | 18حاکم لە ٥٠ ویلایەت | 31حاکم لە ٥٠ ویلایەت |
| ژمارەی ئەندامەکانیان | 34ملیۆن و ١٠٠ هەزار (٢٠١٢) | 30ملیۆن و ٧٠٠ هەزار (٢٠١٢) |
| کاندیدەکانی ٢٠١٦ | هیلاری کلنتۆن، بێرنی ساندەرس، مارتن مالی | دۆناڵد ترامپ، مارکۆ رۆبیۆ، تێد کروز، بێن کارسۆن، جێب بوش، کریس کریستی، کارلی فیۆرینا و هەندێکی دیکە |
| سەرچاوەی دروستبوونی جیاوازییەکان | رەگ و ریشەی جیاوازییەکانی خۆیان بۆ سەردەمی سەربەخۆیی ئەمەریکا دەگێرنەوە کاتێك بەپێچەوانەی کۆمارییەکانەوە ئەمان دژایەتی پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵییان دەکرد | لەسەرتای راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکادا پشتیوانی پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵییان دەکرد |

| | | |
|---|---|---|
| کورتەیەکی مێژوویی | مێژووی بەهێزبوونی دیموکراتەکان بۆ سەردەمی دابەشبوونی کۆمارییەکان دەگەڕێتەوە لەساڵی ١٩١٢، دواتر ئەم حزبە کاری لەسەر مەیلە چەپڕەوییەکەی کۆمارییەکان کرد و بەهەوڵەکانی فرانك رۆسەڤێڵتیش فکری لیبراڵیزم لەئەجێندا سیاسی حزبەکەدا چەسپێنرا و دواتریش لەساڵی ١٩٣٢ وە بەئەجێندایەکی ئابوری بەهێزەوە پێگەی خۆی بەهێزکرد | ئەم پارتە لەساڵی ١٨٥٤ و لەسەروبەدی دەرکەوتنی جوڵانەوەکانی دژە کۆیلایەتی دامەزرا. دواتر لەگەڵ فراوانبوونی چالاکییەکانی دژە کۆیلایەتی لەسەرو بەندی هەڵبژاردنی ئەبراهام لینکۆڵندا پێگەی جەماوەرییان بەهێزبوو، هاوکات ئەم پارتە سەرکەوێت بەسەر گرفتەکانی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکا و قۆناغی نوێبوونەوە و توانی پلاتفۆرمی پشتگیری بازرگانی دابرێژێت و سەرنجی هاوڵاتیانی ئەمەریکا بەلای خۆیدا رابکێشێت |
| یاساکانی کۆنترۆڵکردنی چەک | پشتگیریی یاساکانی سنوردارکردنی مافی هەڵگرتنی چەك دەکەن، بەتایبەتیش دژایەتی مافی هەڵگرتنی چەك بەشێوەیەکی نهێنی لەشوێنە گشتییەکاندا دەکەن | پشتگیریی یاساکانی پێدانی مافی بەنهێنی هەڵگرتنی چەك لەشوێنە گشتییەکاندا دەکەن و بەتایبەتیش پشتگیریی هەمواری دووەمی یاساکە دەکەن کە هەموو ئەو مافانەی دەستەبەرکردووە |

**ستراتیژی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو عێراق**

تەواوی پرسە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا تەنها لەیەك چوارچێوەدا گرنگی پێدەدرێت، ئەویش چوارچێوەی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکایە.

لە ئێستادا (بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، پرسی روبەروبونەوەو لەناوبردنی تیرۆرو داعش، پرسی ئیسرائیل فەلەستین، جەنگی ناوحۆیی سوریا...) لە گرنگترین پرسە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا باسی لەبارەوە دەکەنو پلانو ستراتیژی خۆیان لەبارەیانەوە خستۆتەڕوو.

دەتوانین بڵێین تێروانینی کاندیدی پارتە سەرەکیەکانی ئەمریکا لەبارەی ئەم بابەتانەوە جیاوازە. بۆ نمونە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازی لەتێڕوانینی نێوان دیموکراتەکانو کۆمارییەکان لەلایەكو کاندیدەکانی هەر حزبێکی دیکەش لەلایەکی دیکە بەروونی دیاردەکەوێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین پوختەی تێڕوانینو ستراتیژی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا بۆ پرسە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەینە ڕوو:

**یەکەم: هیلاری کلینتۆن**

**کورتەیەك لەژیانی هیلاری**

هیلاری کلنتۆن لە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٧ لەویلایەتی شیکاگۆی ئەمەریکا لەدایک بووەو قۆناغی ئامادەیی لە (ئامادەیی مەین ئیست) لەویلایەتی مەین تەواوکردوە. دواتر وەک کچێکی گەنجو چالاک بەشداری چەند چالاکییەکی سیاسی پارتی کۆمارییەکانی کردووە، لەوانە بەشداری کامپینی سەرۆکایەتی (باری گۆڵد وۆتەر)ی کردووە کە سەربەکۆمارییەکان بوو. دواتر هیلاری لەزانکۆی (یێڵ) بڕوانامەی بەکالیۆریۆسی لەیاسادا بەدەست هێناوەو لەساڵی ١٩٧٥ یشدا هاوسەرگیری لەگەڵ بیل کلنتۆن کردووە کە هاوپۆلی خۆی بووە.[٦]

هیلاری لەساڵی ١٩٩٣ بۆ ٢٠٠١ خانمی یەکەمی ئەمەریکا بووە، لەساڵی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٩ وەک ئەندانی ئەنجومەنی پیران خزمەتی کردووە. هیلاری سودی لەو دەرفەتانە وەرگرتووە کە لەماوەی سەرۆکایەتی مێردەکەیدا بۆی هەڵکەوتوونو بەهۆیانەوە ئاشنایەتی زیاتری لەگەڵ سیاسەتمەدارو کەسایەتییە ناوخۆییو جیهانیەکان پەیداکردووەو زانیارییەکی باشی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتە نێوخۆییو دەرەکییەکان وەرگرتووە. لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧دا بەرنامەو پلانی خۆی بۆ خۆکاندیدکردنی وەک کاندیدی سەرۆکایەتی راگەیاند.

دواتر لەقۆناغی سەرەتایی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨دا کە کاندیدی دیموکراتەکان بوو، لەبەرامبەر ئۆبامادا کشایەوە پاش ئەوەی روونبووەوە کە ئۆباما زۆرترین دەنگی نوێنەرانی کۆنگرەی بەدەستهێناوە. دوای هەڵبژاردنی ئۆباما وەک سەرۆک کۆمار، لەساڵی ٢٠٠٩ وە هیلاری وەک وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەستبەکاربوو تاساڵی ٢٠١٣. دواتر هیلاری لەکارو چالاکی سیاسی بەردەوام بوو، لەبەهاری ٢٠١٥دا جارێکی دیکە ئاشکرایکرد کە بەنیازە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا کاندیدبکاتەوە. لەئێستاشدا تاکە کاندیدی دیموکراتەکانە بۆ سەرۆکایەتیو بەهۆی ئەزمونی زۆری لەسیاسەتی دەرەوەو پرسەکانی

6. Hilary Clinton Biography, at this site:
http://www.biography.com/people/hillary-clinton-9251306

تایبەت بە کۆنگرێسو سیاسەتی گشتی ئەمەریکا ئەگەری بوون بەسەرۆکی ئایندەی ئەمەریکای زۆرە.[٧]

بەوپێیەی ئەزمونێکی باشی لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەیەو لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ئۆبامادا وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەبووە، لە ئێستاداو پاش کاندیدبونی هیلاری کلینتۆن بانگەشەی "هێزو توانای زیرەکی" دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی تایبەت بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا. هیلاری پێیوایە ئەمەریکا دەبێت ئالیەتێکی گونجاو بۆ هەریەکە لەپرسە سیاسییەکانی وەزارەتی دەرەوە هەڵبژێرێتو تێیدا بەپێی پرسە سیاسییەکە سڵ نەکاتەوە لەپێشکەشکردنی رێگاچارەی دیپلۆماسی، سەربازی، ئابوری، کولتوری، سیاسیو یاسایی یان تێکەڵەیەك لەهەریەکە لەو چارەسەرانە لەبەرامبەر پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکەی.

## سیاسەتی هیلاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

هیلاری کلنتۆن، وەزیری پێشوی دەرەوەی ئەمەریکا، لەئێستادا بەبردنەوەی متمانەی ٢٣٨٣ دەنگی نوێنەرانی پارتەکەی، کاندیدی دیموکراتەکانە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکاو ئەزمونی زۆری ئەو لە سیاسەتی دەرەوە بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو سیاسەتی کۆنگرێسو سیاسەتی گشتی کۆشکی سپی بەشێک دەبێت لەخاڵی بەهێزی هیلاری لەبەرامبەر کاندیدی کۆمارییەکان کە هەڵبژێردراوی دەزگاکانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئەمەریکا نیەو لەو خاڵانەدا لاوازترە. هیلاری بە هەڵۆ یان سەرکردە سەربازییەکەی دیموکراتەکان ناسراوە، بەڵام لەماوەی کارکردنی وەک وەزیری دەرەوەو دواتریش پاش راگەیاندنی خۆکاندیدکردنی ئەو بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا، لەچەندین گەمەی سیاسی گرنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یاریکردووەو زۆربەی یارییەکانیشی بردۆتەوە.

رۆژنامەنوی و شیکەرەوەی سیاسی جۆیس کارام لەراپۆرتێکی شیکاریدا کە ماڵپەری (ئەل عەرەبییە) بڵاویکردۆتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە یەکلایکردنەوەی پرسە گرنگەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیلاری ناتوانێت بەهەمان شێوەی ئۆباما بەردەوام بێت لەسەر گرتنەبەری رێگای دیپلۆماسی ، هەروەک چۆن ناشتوانێت هاوشێوەی جۆرج بۆش تەنها رێگەچارەی سەربازی بگرێتە بەر.

---

7. Hilary Clinton Biography, at this site:
http://www.biography.com/people/hillary-clinton-9251306

بەمجۆرە لێکدانەوەکان لەبارەی سیاسەتەکانی هیلاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەشێکیان پێیانوایە هیلاری تەواوکەری سیاسەتی ئێستای ئیدارەکەی ئۆباما دەبێتو رێگاچارەی دیپلۆماسی بەگرنگتر لە رێگاچارەی سەربازی دەزانێت، بەرەکەی دیکەش پێیانوایە هیلاری بەهۆی کردەوە تیرۆرستییەکانی ئەمدواییەی ناو ئەمەریکاو بەشێکی زۆر لەوڵاتانی ئەوروپا ناچاردەبێت هەڵۆ ئاسا سیاسەتی ئەمەریکا ئاراستەبکاتو توندتر لەسیاسەتی ئێستا ئۆباما مامەڵە بکات تا بەکارهێنانی هێزی سەربازیش لەهەندێک پرسدا. بۆ ئەمە پشتیوانانی بەرەی یەکەم چەند نمونەیەک دەکەنە بنەمای بۆچونەکانیان، لەوانە: واژوی هیلاری بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق ساڵی ٢٠١١ (ئەمە وەک بەشێک لەسیاسەتی ئیداری ئۆباماو دیموکراتەکان بۆ کشانەوەی هێزی ئەمەریکا لەعێراقو بەکارهێنانی هێزە لۆکاڵییەکان بۆ پاراستنی عێراقو روبەروبونەوەی تیرۆر)، کردنەوەی دەرگای گفتوگۆکردن لەگەڵ هێزەکانی تاڵیبان لەئەفغانستان، دەستپێکردنی کۆبونەوە نهێنییەکان لەگەڵ حکومەتی ئێرانو گەیشتنیان بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێرانو وڵاتانی رۆژئاوا، هاوکاریکردنی حەماسو ئیسرائیل بۆ راگەیاندنی ئاگربەست لەنێوانیاندا لەگەڵ هاندانی ناتۆ بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەی رزگارکردنی لیبیاو هاوکاریکردنی یەک بەیەکی سەرکردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەهەنگاوەکانیان بۆ دۆستایەتیکردنی ئەمەریکا.

لەبەرامبەریشدا پشتگیریکردنی هیلاری لەبڕیاری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکا ساڵی ١٩٩١ و دەنگدان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ و پشتگیریکردنی هێزی هاوپەیمانی ناتۆ لە یەکلایکردنەوەی روخاندنی رژێمەکەی قەزافی لەلیبیا پاڵپشتی ئەو بۆچونە دەکات کە پێیوایە هیلاری هەڵۆکەی دیموکراتەکانەو لە سیاسەتي بۆشو بۆچونی توندی کۆمارییەکانەوە نزیکە.

لەنێوان هەردوو بۆچونەکەدا ئەوەی راستترە بڵێیت ئەوەیە کە هەر سەرۆکێک لەئەمەریکا هەوڵدەدات لەسەرۆکەکەی پێش خۆی کەم تا زۆر جیاوازتر بێت تا بیسەلمێنێت پابەندە بەو بەڵێنانەی کە بەدەنگدەرانی خۆی داوە.[٨]

ماوەتەوە بڵێین، بەو پێیەی هیلاری ئاگاداری سیاسەتی هەشت ساڵی رابردوی ئیدارەکەی ئۆباما بووەو لەنزیکەوە دەستی لەزۆربەی بڕیارە سیاسییەکانی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، پێناچێت بە هاتنی هیلاری بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی گۆڕانکاری جەوهەری لەسیاسەتی ئەمەریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رووبدات، بەڵام پێدەچێت

8. What a Hillary Clinton nomination means for the Middle East, Joyce Karam, at this site:
http://english.alarabiya.net/en/views/news/middle-east/2016/06/07/What-a-Hillary-Clinton-nomination-means-for-the-Middle-East-.html

شەپۆلی بەرفراوانی پەنابەران بۆ ئەوروپاو رۆژئاواو بەرفراوانبوونی کردەوە تیرۆرستییەکانی ئەم دواییە لە ئەمەریکاو ئەوروپا هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکا لەهەمبەر پرسی تیرۆر و گروپە رادیکاڵییەکانی ناوچەکە کەمێک توندتر بکاتەوە.

### ١. پرسی ئێران‌و ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە

لە دیدارێکی لەگەڵ دامەزراوەی (بروکینگ) بۆ توێژینەوەی سیاسی لەئەمەریکا، هیلاری راگەیاند ئەو بەتوندی پشتگیری ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران‌و رۆژئاوا دەکات لەبەرئەوەی ئەو ڕێککەوتنە بەشێکە لەستراتیژێکی فراوانتری ئەمەریکا بۆ پرسی ئێران. بەوپێیەی سەرپەرشتی کۆی دانیشتنە نهێنییەکانی قۆناغی سەرەتای ڕێککەوتنەکەی کردووە، هیلاری ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران بەبژاردەیەکی باش دەزانێت بۆ ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەئێراندا، بەڵام لەهەمان کاتدا گومان و دوودڵی خۆشی لە پابەندبوونی ئێران بە ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکەوە ناشارێتەوەو لە گفتوگۆکەی لەگەڵ دامەزراوەی کروکینگ کە تەلەفزیۆنی (CNN) بڵاویکردۆتەوە، هیلاری جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێران وڵاتێکە شایانی باوەڕپێکردن نیە، بەڵام بەوردی چاودێری هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکەن‌و لەحاڵەتی لاساریکردنیشدا سڵ لەبەکارهێنانی هێزو ڕێگاچارەی سەربازی دژی ئێران ناکەنەوە.[٩]

هەر لەبارەی ڕێککەوتنەکەی ئێران‌و رۆژئاوا، هیلاری بۆ (رۆیتەرز) راشیگەیاندووە دەبێت چاودێرییەکی وردی جموجوڵەکانی ئێران بکرێت‌و ئامادەیە لەکاتی سەرپێچیکردنی ئێران بۆ جێبەجێکردنی برگەو مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە گورزی سەربازی توند لەو وڵاتە بوەشێنێت. هاوکات لەلێدوانێکیشدا بۆ CNN دەڵێت "ئێران بەوردی چاودێری هەڵوێستەکانی سەرۆکی داهاتوی ئەمەریکا دەکات‌و دەیەوێت لەوە تێبگات کە لەکاتی گۆڕینی سەرۆکی ئەمەریکا تاچەند دەتوانێت هەنگاوێك لەجێبەجێکردنی مەرجەکان خۆی بدزێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵەیان بێسود دەبێت گەر من سەرۆکی ئەمەریکا بم"[١٠].

بەشێوەیەکی گشتی دیموکراتەکان لەگەڵ چارەسەری دیبلۆماسییانەی پرسی ئەتۆمی ئێراندان، هاوکات پێیان وایە لەو ڕێگایەوە دەتوانن کۆنترۆڵی تواناکانی ئێران بکەن‌و هەوڵەکانی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی پەك بخەن. بەتایبەتی کاتێك کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتگیری ڕێککەوتنەکە دەکات‌و تیمەکان دەتوانن بەوردی چاودێری

9. Hilary Clinton addresses Iran Nuclear Dea, at this site:
https://www.brookings.edu/events/hillary-clinton-addresses-the-iran-nuclear-deal/
10. John Hudak, What the 2016 U.S. presidential election means for the Middle East, at the site;
https://www.brookings.edu/research/what-the-2016-u-s-presidential-election-means-for-the-middle-east /

پرۆگرامەکەی بکەن، بەڵام نایانەوێت وادەربکەون کە نەرمی دەنوێنن لەبەرامبەر ئێراندا، بۆ ئەوەی ئەم پرسە لەلایەن کۆمارییەکانەوە ئیستغلال نەکرێت کە توندتر لە بەرامبەر ئێران هەڵوێستی خۆیان دەردەخەن.

لە ئەگەری دروستکردنی مەترسی بۆسەر ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە، کلینتۆن بانگەشەی ئەوە دەکات کەئیدارەکەی لەداهاتودا پاراستنی ئیسرائیل لەهەر هەڕەشەو دەستدرێژییەکی ئێرانو ولاتانی ناوچەکە دەکاتە پێشینەی کارەکانی خۆی، ئامادەشە پێشکەوتوترین چەكو راهێنانی سەربازی پێشکەشی ئیسرائیل بکات. بەکورتی، هیلاری کلینتۆن پاڵپشتی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکات، بەڵام دڵنیایش دەداتە ئیسرائیل کە رێگری لەهەر مەترسییەك دەکات کە ئێران بیەوێت دروستی بکات بۆ سەر ئەو ولاتە.

## ٢. داعش و جەنگی تیرۆر

هیلاری کلینتۆن وەك بەشێك لەسیاسەتی دیموکراتەکان بۆ جەنگی تیرۆر، پێی وایە چیتر پێویست ناکات ئەمەریکا بەچڕی هێزی مەیدانی رەوانەی ئەو ناوچانە بکات کە جەنگی تیرۆریان تێیدایە. دیموکراتەکان لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی سەربازی ئەمەریکی نین بەبیانوی تێچوی زۆرو زیادکردنی بەرەی دژە تیرۆر لە ولاتانی ناوچەکە. ئەوان هانی ولاتان دەدەن خۆیان بەرگری لەئاسایشی خۆیان بکەنو ئەمەریکاش یارمەتییان دەدات. ئەم ستراتیژە هەمان سیاسەتی ئۆبامایە کە بۆ راکێشانی سەرنجی ئەمەریکییەکانو دوورخستنەوەی سوپای ئەمەریکا لەروبەروبونەوەی راستەوخۆی تیرۆرستان بەکاریهێنا. بەشێوەیەکی گشتی، هیلاری پێیوایە دەبێت ئەمەریکا ٣ ستراتیژ لەناوچەی شەڕی داعش لەسوریاو عێراق جێبەجێبکات، ئەوانیش:[11]

<u>یەکەم</u> تێکشکاندنی داعش، <u>دووەم</u> تێکشکاندنی ژێرخانی ئابوری داعش، <u>سێیەم</u> بەهێزکردنی هێزی بەرگری هاوپەیمانان لەدژی هەرهێزێکی دیکەی رادیکاڵ لەلایەن هەر دەوڵەتێکی ناوچەکەوە پشتگیریی بکرێت.

هاوکات، هیلاری پێیوایە هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان بەتەنها بەس نییە بۆ تێکشکاندنی داعش، بەڵکو پێویستە هەندێك هێرشی زەمینیش رەوانە بکرێت بۆ وەرگرتنەوەی ناوچە ستراتیژییەکان لەدەستی داعش، ئەم بۆچونەش کەمێك لەبۆچونی دیموکراتەکان

11. Read Hilary Clinton’s seech on fighting ISIS, at this site:
http://time.com/4120295/hillary-clinton-foreign-policy-isis/

جیاوازەو هەوڵێکە بۆ راکێشانی سەرنجی ئەو دەنگدەرانەی ئەمەریکا کە دیموکراتەکان بەکەمتەرخەم دەزانن لەروبەروبونەوەو لەناوبردنی داعشدا.

لەمبارەیەوە، بەپێی راپۆرتێکی (زە گاردیان) هیلاری لەمیانەی روونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەمەڕ پرسی تیرۆر رایگەیاندووە "هەموو لایەک هەست بە مەترسی گروپە تیرۆرستییەکان دەکەنو هەستیش دەکەین ئەمەریکییەکان لەبەردەم چ مەترسییەکی گەورەدان، لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ چڕکردنەوەی هەوڵە دپلۆماسییەکاندا، هێرشی ئاسمانیو زەمینی زیاتر بۆسەر تیرۆرستان بکەین".

بەپێی راپۆرتێکی (سی ئێن ئێن)یش هیلاری ئاماژەی بەوەکردوە کە پێویستە ئەمەریکا چالاکییە هەواڵگرییەکانی لەناوچەکەدا زیاتربکرێتو هەماهەنگی تەواو لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی دیکەی وڵاتانی هاوپەیمان لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر شێوازی هاوکاریو پشتیوانییەکانی داعشو چالاکییەکانیان لە ئەوروپاو و رۆژهەڵاتی ناوەراست.

هەروەها پێشیوایە تەنها چڕکردنەوەی هێرشە ئاسمانییەکان بۆسەر داعش بەس نیە بۆ لەناوبردنی ئەو رێکخراوە، بەڵکو دەبێت گرنگی بەهێرشی زەمینیش بدرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا باوەڕی بە بەشداریپێکردنی دەیان هەزار سەربازی ئەمەریکی نییە بۆ لەناوبردنی داعش، بەمجۆرە، هیلاری پشتیوانی هێرشی زەمینیش دەکات، بەڵام بە ژمارەیەکی دیاریکراوی سەربازی ئەمەریکیو بەپشتیوانی هێزە لۆکاڵییەکانی عێراقو سوریا.

هیلاری بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ رووخانی رژێمی ئەسەدەو لەو بابەتەدا زیاتر لایەنگیری بەرەی سعودییەو هیلالی سونی دەکات. هەروەها پێشیوایە کە دەبێت ناوچەی دژەفڕین لەسوریادا دروست بکرێت بۆ راگرتنی هێرشی ئاسمانی سوریا، هاوکات یارمەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتەش بدرێت، دواتر ئەو ناوچانە بپارێزنو هاوڵاتیانی سوری تیادا کۆبکرێتەوەو ناوچەیەکی ئارام دروستبکرێت. بەم جۆرە هیلاری پێیوایە تەنها بەم رێگەیە دەکرێت رێگری لە کۆچی بەلێشاوی سورییەکان بکرێت بۆ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا.

لەگەڵ ئەمەشدا هیلاری رەخنەی توند لەئیدارەکەی ئۆباما دەگرێتو دەڵێت "دەبو لەسەرەتای جوڵانەوەکانی ئۆپۆزسیۆن لە سوریا، ئەمەریکا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی رێك

بخستایەو بەشداری راستەوخۆی شەڕەکانی بکردایە"[١٢]، وەك خۆی دەڵێت بەو جۆرە کۆنترۆڵی تەواوی سوریا دەکراو دەتوانرا باشتر هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانو حکومەتی سوریاش بەئاراستەی ستراتیژو سیاسەتەکانی ئەمەریکا ئاراستەبکرێت"[١٣].ئاماژە بەوەش دەکات، لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سوریا ئەمەریکا نەیتوانی هێزە نەیارەکانی ئەسەد رێکبخات کە ئەوکات لەعەلمانییەکان و بەشێك لەئیسلامییەکان و هەموو چین توێژەکانی تێدابوو، بەڵام شکستی ئەمەریکا لەرێکخستنی هێزە نەیارەکان رێگەی بۆ ئیسلامییە توندڕەوەکان خۆشکرد ئەو بۆشاییە پربکەنەوە و بەهێزتر ببن. هەروەها پێیوایە دەبێت هەوڵە نێودەوڵەتییەکان زیاتر بکرێت، بەرەی هاوپەیمانی دژی داعش زیادبکرێت، سنورەکانی عێراقو سوریا کۆنترۆڵبکرێت، چالاکییە هەواڵگرییەکانیش بەپاڵپشتی دەزگا هەواڵگرییە جیهانییەکانو دەزگای هەواڵگری ناوچەکە زیاتربکرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی جکوجوڵەکانی داعش بکرێت.

بەپێی راپۆرتێکی (زە ستریت جێرناڵ)ی ئەمەریکی، لە وتارێکیدا لەبەردەم خوێندکارانی زانکۆی (مینە سۆتە) هیلاری جەختی لەوە کردۆتەوە کە پێویستە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بەشداری راستوخۆی روبەروبونەوەی جەنگی تیرۆر بکەن. بەپێچەوانەی بۆچونی کۆمارییەکانو بەتایبەتیش دۆناڵد ترامپی رکابەری کە داوایکردبوو رێگە بەهاتنە ناوەوەی مسوڵمان بۆ ناو ئەمەریکا نەدرێت، هیلاری کلنتۆن لەهەمان وتاری لەگەڵ خوێندکارانی مینەسۆتە ئاماژەی بەوە کردوە پێویستە مسوڵمانانی ئەمەریکا رۆڵی گرنگ ببینن لە روبەروبونەوەی تیرۆر لە ئەمەریکاو جیهان، پێویستیشە هەموو مسوڵمانان، هاوشێوەی نەتەوەو دینو مەزهەبەکانی دیکە، ئەمەریکا بە وڵاتی خۆیان بزانن. کورتو کرمانجی، لەپرسی روبەروبونەوەی تیرۆردا هیلاری هەوڵدەدات وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کۆمەڵگای ئیسلامی بکات بەبەشێک لەپرۆسەی جەنگی تیرۆر.

### ٣. عێراق

تائێستا هیلاری لەچوارچێوەی ئاسایشی نیشتیمانیو روبەروبونەوەی تیرۆردا باسی عێراقی کردووەو جەخت لەسەر کۆتایهێنان بەداعش دەکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پاکێجێکی هاوبەشی بۆ پرسی تیرۆر لە سوریاو عێراق پێشکەش کردووە.

12. Read Hilary Clinton's seech on fighting ISIS, at this site: http://www.theatlantic.com/international/archive/2014/08/hillary-clinton-failure-to-help-syrian-rebels-led-to-the-rise-of-isis/375832/

13 .Hillary Clinton calls for more ground troops as part of hawkish Isis strategy, at the site; https://www.theguardian.com/us-news/2015/nov/19/hillary-clinton-isis-strategy-ground-troops-airstrikes-no-fly-zone-syria

هیلاری كلینتۆن یەكێك بوو لەو ئەندامانەی سیناتۆر كە لەساڵی ٢٠٠٢ دەنگی دا بەپێدانی دەسەڵات بە جۆرج دەبلیوبۆش بۆ هێرشكردنە سەر عێراق. ئەم دەنگدانەی هیلاری لە نێو پارتی دیموكراتەكانو پشتیوانانی رێگەچارەی دیپلۆماسییەوە رەخنەی زۆری لێگیراو بە یەكێك لەهۆكارەكانی لەدەستدانی ململانێكانی ٢٠١٢ كاندیدی سەرۆكایەتی لە بەرامبەر ئۆبامای دەزانن.

لەئێستاشدا هیلاری هەمان سیاسەتی سوریای بۆ نەهێشتنی كاریگەری داعش لەعێراقدا هەیە و باوەڕی وایە دەبێت بەرەی هاوپەیمانی زیادبكرێت، هێرشی ئاسمانی چڕتربكرێتەوە، لە هەرشوێنێكیش پێویستی كرد هێزی پیادەی ئەمەریكاو هاوپەیمانان بەشداری جەنگی روبەروبونەوەی داعش بكەن. هەروەها هیلاری باوەڕی تەواوی بەوە هەیە كە پێویستە سوننەكان دڵنیاییان پێبدرێت بەوەی مافەكانیان لەعێراقدا پارێزراوەو پەراوێز ناخرێن، لەم بارەیەشەوە دەڵێت"پێویستە سوننە بەشداری تەواویان پێبكرێت لەروبەروبونەوەی داعشو هاوكاری بكرێن تا رۆڵی باشیان هەبێت."[١٤] هەروەها، ئاماژەی بەوەش كردووە ئەوان لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ دەیاتوانی دڵنیایی زیاتر بدەنە سوننەكان كە مافەكانیان پێشێل ناكرێت و دەتوانن رۆڵی خۆیان لەعێراقدا ببینن، بەڵام نەتوانرا ئەوە بكرێت، هیلاری رەخنەی توند لە مالیكی دەگرێت كە سوننەكانی پشتگوێ خستووە و خیانەتی لێكردوون بەو هۆیەشەوە گروپی رادیكاڵی تیرۆرستی زیاتر لەناوچەكەدا دروستبوون.[١٥]

لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری زۆری پێكهێنانی هاوپەیمانی نیشتیمانی لەعێراقدا دەكات، بەجۆرێك هەموو پێكهاتەكانی عێراق بەشداربنو هیچ پێكهاتەیەک پەراوێز نەخرێت. هیلاری ئاماژەی بەوەش كردووە كە پێویستە حكومەتی عێراق ئاوری جدی لەكوردەكان بداتەوە و چەك و پێداویستی سەربازییان بۆدابین بكات، ئەگەر نا هاوپەیمانان و ئەمەریكا ئەوەیان بۆدەكات.[١٦]

بەهەمان شێوە، هیلاری باوەڕی تەواوی بەوە هەیە كە پێویستە هاوكاری پێشمەرگەو كورد بكرێت تا رۆڵی خۆیان ببینن لەروبەروبونەوەی داعشداو ئەوەشی بەئاشكرا وتووە كە

---

14. Read Hilary Clinton’s seech on fighting ISIS, at this site: http://time.com/4120295/hillary-clinton-foreign-policy-isis/

١٥. **هەمان سەرچاوە**

١٦. **هەمان سەرچاوە**

کورد توانیویانە سنورەکانی خۆیان بپارێزنو هەندێك ناوچەش لەداعش وەربگرنەوە، ئەوە جێگای شانازییە.[١٧]

بەپێی راپۆرتێکی(یوروپ نیوز ویك) لەدواین لێدوانیدا تایبەت بە روبەروبونەوەی تیرۆر لەعێراقدا، هیلاری رایگەیاندووە کار بۆ خێراکردنی پلانو ستراتیژی ئۆباما دەکات بۆ لەناوبردنی داعش ئەویش بەچڕکردنەوەی هێرشە ئاسمانییەکانو دروستکردنی ناوچەی سەلامەت لەعێراقو سوریاو لاوازکردنی پشتیوانییەکانیەکانی ئەو رێکخراوەو دواتر لەناوبردنی.

هاوکات ئاماژەی بەوەش کردووە، حکومەتی عێراق وەك پێویست پشتگیریی سوننەکان و کورد ناکات لەبەرەکانی جەنگدا، لەبەرئەوە ئەمەریکا پڕچەکیان دەکاتو کار بۆ زیادکردنی رۆڵی هێزە میلیشیاکانی دیکەی ناوچەکەو سەرکردە ئاینییە مۆدێرنەکان دەکات.

ئەوەی جێگای سەرنجە، جگەلە باسکردنی عێراق لەچوارچێوەی روبەروبونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا هیلاری هیچ ستراتیژێکی نوێی بۆ پرسە سیاسیو ئیدارییەکانی عێراقو چارەسەرکردنی کێشە تایفیو نەتەوەییەکان جیاواز لەستراتیژی ئێستای ئەمەریکا نەخستۆتەڕوو.

لە ئێستاشدا ئەمەریکا لەگەڵ پارچە پارچەکردنی عێراقو جیابونەوەی هیچ گروپو بەرەیەك نییە بەکوردیشەوە، بەو بیانوەی کە ئاژاوەو ناسەقامگیریی زیاتر لەناوچەکەدا دروست دەکات. لەراپۆرتی ساڵانەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هاتووە کە پاراستنی ئاسایشی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کەمکردنەوەی گرژیو ئاڵۆزییەکان لە ئەولەویەتی ستراتیژی ئەمەریکایە بۆ سیاسەتی دەرەوە، لەبەرئەوەی پێیانوایە گرژیو ئاڵۆزی زیاتر هۆکار دەبێت بۆ دروستبوونی هێزی ئیسلامی رادیکاڵو توندوتیژ لەهەمان کاتدا رێژەی کۆچکردن بەرەو ئەوروپا زیاد دەکات کە لەئێستادا کێشەی گەورەی لەوڵاتانی رۆژئاواو ئەوروپا دروستکردووە. سیاسەتی هیلاریش کە زیاتر لەهەموو کاندیدەکانی دیکە لەسیاسەتی ئیدارەکەی ئۆباماوە نزیکە بۆ عێراقو پرسی کورد لەناوچەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نایەت و وەك خۆی دەمێنێتەوە.

١٧. **هەمان سەرچاوەی پێشوو**

### ٤. کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین

سەرەتا وەك سیناتۆرێك، هیلاری کلینتۆن زۆر بەتوندی پشتگیری پارتی راستڕەوی عەلمانی ئیسرائیلی کردووە کە لەساڵی ١٩٩٢وەوە دەسەڵاتیان لەئیسرائیلدا بەدەستەوەیەو لەبەرامبەر فەلەستینییەکانیش توندترن بە بەراورد بەهێزە چەپەکانی دیکەی ئەو وڵاتە. هاوکات هیلاری پشتگیری ئیسرائیلی کردووە لەهەوڵە کۆلۆنیاڵییەکانیدا بۆ داگیرکردنی بانکی رۆژئاوای فەلەستین‌و رەخنەشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرتووە کە پشتگیری جێبەجێکردنی یاسایی هاوکاری نێودەوڵەتیان کردووە، یاساکە گواستنەوەی هاوڵاتیانی مەدەنی بۆ ئەو ناوچانەی قەدەغەدەکات کە بەشەڕ داگیرکراون. لەگەڵ ئەوەشدا، هیلاری رەخنەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرتووە کە چوار بڕیاری بەپەلەیان دەرکردووەو تێیدا داوایان لەحکومەتی ئیسرائیل کردووە کۆتایی بە داگیرکردنی ناوچە فەلەستینییەکان بهێنێت‌و چیتر هاوڵاتی مەدەنییان تێدا جێگیر نەکات. بەڵام هیلاری پاش ئەوەی بوو بە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هەوڵوێستەکانی بەرامبەر کێشەی ئیسرائیل فەلەستین کەمێك گۆڕانکارییان بەسەردا هات‌و رایگەیاند سیاسیەتی جێگیرکردنی هاوڵاتیان لەناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا زیان بەپرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل فەلەستین دەگەیەنێت. بەڵام دانی بەوەدا نەنا کە پرۆسەکە نایاساییەو داواشی لەئیسرائیل نەکرد کە پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت. هەروەها هیلاری بەچەندین شێوە روبەروی هەموو ئەو فشارانە بۆتەوە کە بەمەبەستی فشارخستنەسەر ئیسرائیل لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و ئەنجومەنی ئاسایشەوە کراون بۆ راگرتنی پرۆسەی نیشتەجێبون لەناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستیندا.[١٨]

هیلاری لە لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی "هارد چۆیزس" ئاماژە بەوە دەکات مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل فەلەستین یەکێك بووە لەبژاردە زەحمەتەکان بۆ دیپلۆماسیەتی ئەمەریکاو سیاسەتی دەرەوە، دەشلێێت ئەو پەیامی دژایەتیکردنی ئەمەریکای بۆ بەردەوامبونی ئیسرائیل لەپرۆسەی نیشتەجێکردنی هاوڵاتیانی گەیاندۆتە دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل. هاوکات، هیلاری پشتگیریکردنی ئەمەریکا بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستینییەکان بەدور نازانێت بەو مەرجەی بزوتنەوەی حەماس واز لەتوندوتیژی بهێنێت.[١٩]

هیلاری خۆی وەك پشتیوانێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئاسایشی و سەلامەتی ئیسرائیل لەقەڵەمداوە، کەناڵی (سی ئێن ئێن)ی ئەمەریکی ئاشکرایکردووە هیلاری لەماوەی

18. Hilary Clinton’s policy towards Israel over the years
http://www.i24news.tv/en/news/international/americas/67519-150413-hillary-clinton-s-policy-towards-israel

19. 'Hard Choices' recalls memories, regrets from Clinton's State years, CNN political unit, at this site: http://edition.cnn.com/2014/06/10/politics/hillary-clinton-book/

کارکردنی وەك ئەندامی ئەنجومەنی پیران و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پشتگیریی تەواوی (چارەسەری دوو دەوڵەتی ئیسرائیل-فەلەستین)ی کردووە کە داوای پێکهێنانی دوو دەوڵەت دەکات بۆ هەریەك لە ئیسرائیل و فەلەستین، بەڵام تائێستا کێشە لەسەر دیاریکردنی سنوری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هەیە .

لەوتاری کۆنفرانسی ٢٠١٦ی کۆمیتەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکا-ئیسرائیل، هیلاری جەختی لەسەر پشتیوانیکردنی چارەسەری دوو دەوڵەتی ئیسرائیل-فەلەستین کردۆتەوە و بەتەنها چارەسەری گەرەنتیکراوی کێشەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی لەقەڵەمداوە.[٢٠]

لەهەمان کۆنفرانسدا، هیلاری ئاماژەی بەوەکردووە کە لەماوەی کارکردنی وەك وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەساڵی ٢٠١٠ سەرپەرشتی سێ دانیشتنی رووبەرووی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی کردووە بەسەر پەرشتی مەحمود عەباس و بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و هەموو هەوڵەکانیشی بۆ چارەسەرکردنی کێشە درێژخایەنەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بووە .

هیلاری لەو کۆنفرانسەدا ئاماژەی بەوەشکردووە گەر ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا درێژە بە کۆبوونەوەی رووبەرووی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەدات، بەڵام رێگری لەهەر لایەنێکی دەرەکی دەکات بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە.[٢١]

هاوکات، هیلاری دژایەتی خۆشی بۆ پەیامەکانی جوڵانەوەی (BDS)ی جیهانی دەربریوە کە داوای کۆتاییهێنان بە داگیرکارییەکانی ئیسرائیل و پاشەکشەی ئەو وڵاتە لە بەرزاییەکانی جۆلان و پاراستنی یەکسانی نێوان هاوڵاتیانی ئیسرائیل و فەبەستین دەکات و داواشدەکات ئاوارە فەلەستینییەکان مافی گەرانەوەیان بۆ زێدی باوباپیرانیان هەبێت.[٢٢]

سەبارەت بە رێککەوتننامەی چەکی ئەتۆمی ئێرانیش، هیلاری ئیسرائیلی لەبیرنەکردووەو لەچاوپێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمیتەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمەریکا-ئیسرائیل ئاماژە بەوەدەکات ئەو "بەهیچ جۆرێك رێگەنادەن ئێران ببێتە مەترسی بۆ ئیسرائیل و

20. Read Hilary Clinton’s speech to AIPAC, at this site: http://time.com/4265947/hillary-clinton-aipac-speech-transcript/

٢١. هەمان سەرچاوە

٢٢. هەمان سەرچاوە

هەرکاتێکیش هەستیان بەو مەسەلەیەکرد ئەوا بەتوندی ڕووبەڕووی دەبنەوە"[٢٣]، لەهەمانکاتدا هیلاری دەڵێت "ئەو پشتگیری ڕێککەوتنێکی کردووە کە تێیدا دەست هەڵگرتنی ئێران لەهاوکاریکردنی گروپە توندڕەوەکانی ناوچەکە بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل کراوەتە مەرج لەوانە گروپی حزبولای لوبنانی و حەماسی فەلەستینی و بەرەی ئازادیخوازی فەلەستینی کە گروپی توندڕەوی شیعە مەزهەبن لەناوچەکەداو بەردەوام ڕوبەڕوی سەربازانی ئیسرائیل دەبنەوە.

هەروەها، هیلاری دژی سیاسەتی نیشتەجێکردنی ئیسرائیلە و ڕاگرتنی ئەو پرۆسەیە بەکلیلی چارەسەری کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دەزانێت[٢٤]

لەساڵی ٢٠٠٥ دا پشتگیریی خۆی بۆ دروستکردنی دیواری بانکی ڕۆژئاوا دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەم دیوارە بۆ دژایەتیکردنی فەلەستینییەکان نیە، بەڵکو بۆ ڕێگریکردنە لەکردەوەی تیرۆرستی. لەساڵی ٢٠٠٦ پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان ئیسرائیل و لوبنان دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە ئەمەریکا لێرەیە بۆ پشتیوانیکردنی ئیسرائیل و ئیسرائیلیش بەهاکانی ئەمەریکا و خۆشی دەپارێزێت .

لەماوەی ئەندامێتی ئەنجومەنی پیراندا، هیلاری ڕایگەیاندووە کە ئەو قودس بە پایتەختی هەمیشەیی و دابەشنەکراوی ئیسرائیل دەزانێت و داواشیکردووە کە ئەمەریکا باڵوێزی خۆی لە تەلئەبیبەوە بگوازێتەوە بۆ قودس.[٢٥]

بەشێوەیەکی گشتی هیلاری پشتگیریی تەواوی باڵی ڕاستڕەوی حکومڕان لەئیسرائیل دەکات کە باوەڕیان بەداگیرکردنی ناوچەکانی بانکی ڕۆژئاواو ناوچەکانی دیکەی فەلەستین هەیە، تا هاوڵاتی مەدەنی تێدا نیشتەجێ بکەن. هیلاری بڕیاریشیداوە پاش وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەوڵی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیل بدات کە بەهۆی ڕێککەوتننامەی ئێران‌و پشتگیریکردنی ئەمەریکا لەجێبەجێکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەسەر ئیسرائیلدا هەندێك ساردبونەوەی بەخۆوە بینیوە.

---

23. Politics Hillary Clinton, Read Hillary Clinton’s Speech to AIPAC, at the site;
http://time.com/4265947/hillary-clinton-aipac-speech-transcript /
24. Read Hilary Clinton’s speech to AIPAC, at this site:
http://time.com/4265947/hillary-clinton-aipac-speech-transcript/
25. Political positions of Hilary Clinton, at this site:
https://en.wikipedia.org/wiki/Political_positions_of_Hillary_Clinton#ArabIsraeli_conflict.2C_relations_with_Israel_

### ٥. سعودییه

ئەمەریكاو سعودییە زیاتر لەنیو سەدەیە هاوپەیمانن‌و ئەمەریكا بەسەختی پشتگیریی سیاسەتەكانی سعودییە دەكات لەناوچەكەدا. بەڵام لەماوەی رابردودا پەیوەندییەكانی ئەمەریكاو سعودیە ساردبوونەوەی بەخۆوە بینیوە، ئەویش بەهۆی چەند پرسێكی وەك رێككەوتننامەی ئێران كە سعودییەكان پێیانوایە دەرفەتی زیاتری بۆ ئێرانییەكان رەخساندووە تا زیاتر بەرووی دونیادا بكرێنەوەو گەشەبكەن، هەروەها كەمتەرخەمی سعودیە لەئاستی شەڕی دژی تیرۆرو بەتایبەتیش دەوڵەتی ئیسلامی داعش، لەگەڵ پرسی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ‌و كاریگەری راپۆرتە نێودەوڵەتییەكان لەبارەی ئازادی رادەربڕین‌و مافەكانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا. لە ئێستاشدا هەریەكە لەكاندیدەكانی سەرۆكایەتی ئەمەریكا رای جیاوازیان لەبارەی پەیوەندییەكانی ئەمەریكاو سعودیە هەیە، هیلاری بەوە بەناوبانگە كە پەیوەندییەكی زۆر باشی لەگەڵ سعودیە هەیەو لەو ماوەیەدا كە وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بووە، پەیوەندییەكی باشی سیاسی‌و بازرگانی لەنێوان ئەمەریكا و سعودیە دروستكردووە، لەسەرەتای ٢٠١١ كارئاسانی بۆ واژۆكردنی بۆندێكی فرۆشتنی فرۆكەی شەڕكەری پێشكەوتوی ئەمەریكی كردووە لەلایەن كۆمپانیای بۆوینگ بە حكومەتی سعودیە، هەرچەندە رەخنەی زۆری لێگیراوە بەوەی كە ئەم فرۆكانە لەشەڕی ناوحۆی یەمەن‌و لەكوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی‌و رۆژنامەنوسان‌و پزیشكەكاندا بەكارهێنراوە، بەڵام پەیوەندییە سیاسی‌و بازرگانییەكانی نێوان هەردو وڵات بەردەوام لەگەشەسەندندا بوون تا ساڵی ٢٠١٥ گەورەترین گرێبەستی كڕینی چەك بەگوژمەی ٩,١ ملیار دۆلار لەنێوان ئەمەریكاو سعودیە واژۆكرا.[٢٦]

هیلاری بەردەوام پشتگیری پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسی‌و بازرگانییەكانی نێوان ئەمەریكاو سعودییە بووە، هاوكات میدیا نێوخۆیی و جیهانییەكانیش ئەوەیان بڵاوكردەوە ئەو كەسانەی لەسعودییە هاوكاری دامەزراوەی كلینتۆنیان كردووە، دواجار لەلایەن هیلاری كلینتۆنەوە هاوكارییان كراوە تا گرێبەستی كڕینی فرۆكەی پێشكەوتوو لەگەڵ ئەمەریكا واژۆ بكەن.[٢٧]

بەڵام لەشەڕی تیرۆردا هەڵوێستەی لەسەر ئەم پەیوەندییە كردووەو ئێستا پێیوایە گەر سعودییە بەهەمان سیاسیەتی ئێستای بەرامبەر داعش بەردەوامبێت ئەوا رۆڵێكی ئیجابی

26. Clinton Foundation Donors Got Weapons Deals From Hillary Clinton's State Department, david serota, at this site:; http://www.ibtimes.com/clinton-foundation-donors-got-weapons-deals-hillary-clintons-state-department-1934187

٢٧. هەمان سەرچاوە

لەناوچەکەدا نابینێتو پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو سعودیەش سارد دەکاتەوە، بۆیە هیلاری داوای لەسعودییە کردووە کە رێگری لەهاولاتیانی بکەن کە راستەوخۆ پشتگیریی ماددیو مەعنەوی داعشو گروپە تیرۆرستییەکان بکەن، هاوکات داوای کردووە رێگری لەسەدان مزگەوتو ناوەندی ئاینی بکرێت کە بوونەتە شوێنی پێگەیاندنی فکری تیرۆرو ئامادەکردنی جیهادییەکان بۆ گروپەتیرۆرستییەکانی وەک داعش.

لە ئێستاشدا دەگوترێت سعودیە بڕی ١٠ بۆ ٢٥ ملیۆن دۆلاری بۆ کامپینی هەڵبژاردنەکانی هیلاری خەرجکردووە[٢٨]، شیکەرەوە سیاسییەکان وای بۆدەچن کە سیاسەتی داهاتوی ئیدارەکەی هیلاری بکەوێتە ژێر کاریگەری لۆبی حکومەتی ریازەوەو پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو سعودییە هەنگاوی باشتر بەخۆوە ببینن.

## کۆمارییەکان (دۆناڵد ترامپ)

### کورتەیەك لەژیانی دۆناڵد ترامپ

دۆناڵد جۆن ترامپ لە ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٦ لەشاری (کوینز)ی ویلایەتی نیۆرک لەدایک بووەو وەک بزنسمانو سیاسەتمەدار و نوسەر و کەسایەتی سەرشاشەی تیڤییەکان ناسراوە. دونالد کەمیراتی کاری بزنسو سەرمایەگوزاری خانوبەرەی لە ترامپی باوکییەوە بۆماوەتەوە، سەرەتا وەک وەبەرهێنی بواری خانوبەرەو نیشتەجێبوون کاریکردووەو دەرکەوتنیشی وەک وەبەرهێنێکی بەتوانا بۆ ساڵی ١٩٧١ دەگەڕێتەوە کاتێک بەشداری لە پرۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنان دەکات لە شاری مانهاتن.[٢٩]

ترامپ کە ئێستا سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانو رێکخراوی ترامپە، بڕوانامەی بەکالیۆرۆسی لە زانستی ئابوری لەزانکۆی پێنسلڤانیان بەدەستهێناوە و سەرپەرشتی راستەوخۆی پرۆژە بازرگانییەکانی باوکی کردووە، دەیان هۆتێلو گازینۆ و کێڵگەی یاری گۆڵفو زانکۆو باڵەخانەی بەناوبانگی دروستکردووەو بەکەسێکی سەرکەوتوو لەبواری بازرگانیو کارگێڕی هەژماردەکرێت.

28. Clintons' foundation has raised nearly $2 billion — and some key questions, Rosalind S. Helderman, Tom Hamburger and Steven Rich, at this site:
https://www.washingtonpost.com/politics/clintons-raised-nearly-2-billion-for-foundation-since-2001/2015/02/18/b8425d88-a7cd-11e4-a7c2-03d37af98440_story.html

29. Donald Trump Biography, at the site;
http://www.biography.com/people/donald-trump-9511238

گۆڤاری فۆربس ناوی وەک یەکێک لە ٤٠٠ سەرمایەدارەکەی جیهان هێناوە. جگەلە بواری بازرگانی، ترامپ لەئەکادیمیای سەربازی نیۆرک خوێندوویەتیو لەو بوارەدا بڕوانامەی ئەکادیمی بەدەستهێناوە.[٣٠]

هاوکات، ترامپ سەرپەرشتیار و پێشکەشکاری بەرنامەی (ئەپریشییەیت)ی کەناڵی ( ئێن بی سی) بووە، کە کاری بۆ دەرخستنی تواناکانی گەنجانو شارەزاییان لەبواری بازرگانیدا کردووەو سەرکەوتوترینی رکابەرەکانیش لەلایەن ترامپەوە پۆستی باڵای پێدراوە.

ترامپ سێ جار هاوسەرگیری کردوەو لەئێستادا خاوەنی پێنج منداڵە کە گەورەترینیان تەمەنی ٣٨ ساڵەو بچوکترینیان تەمەنی تەنها ١٠ ساڵەو لە میلانیا ترامپی دواین هاوسەریەتی.

لەژیانی سیاسیشدا ترامپ کەسێکی دیاربووەو لەنێو حزبی کۆمارییەکاندا سێ جار هەوڵی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەساڵانی ١٩٨٨و ٢٠٠٤و ٢٠١٢ دا داوەو دوو جاریش لەساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠١٤ هەوڵیداوە ببێتە حاکمی ویلایەتی نیۆرک، بەڵام لە هیچکام لەو هەوڵانەی سەرکەوتوو نەبووە.

ترامپ هەر لە سەرەتایی دەسپێکردنی کەمپینی هەڵبژاردنەکانەوە لەمانگی شەشی ساڵی ٢٠١٥، وەك کەسێکی یاخیو دوور لەموجامەلەی سیاسی خۆی دەرخستو لەهەموو پرسە ناوخۆییو دەرەکییەکانیشدا جەختی لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی ئەمریکییەکان دەکردەوە. بەوپێیەی بزنسمانەو تارادەیەکی زۆر لەپرۆژە بازرگانییەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بووە، زیاتر تێڕوانینێکی ماددیانەی بۆ سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکاو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەیە، بەجۆرێك پێیوایە کە دەبێت هاوپەیمانەکانیان تێچوی پاراستنی ئاسایشی خۆیان بدەنو یارمەتی ئەمەریکا بدەن لە لەناوبردنی تیرۆرو کەمکردنەوەی مەترسییەکان. ترامپ دەڵێت "دەبێت هەریەکە لە ژاپۆنو ئەڵمانیاو کۆریای باشور تێچووی پارستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بدەنە ئەمەریکا، ئەگەر نا ئەمەریکا دەستبەرداری پاراستنیان دەبێت".[٣١] بەهەمان شێوە پێیوایە کە پێویست بوو ئەمەریکا بەمەرجی وەرگرتنی نیوەی داهاتی نەوت بەشداری پرۆسەی

---

30. The world's Billionaires, Forbes, at this site: http://www.forbes.com/profile/donald-trump/

31. Japan and South Korea hit back at Trump's nuclear comments, at the site; http://edition.cnn.com/2016/03/31/politics/trump-view-from-south-korea-japan /

ئازادکردنی لیبیای بکردایە، پێشی وایە نابێت ئەمەریکا ڕێگە بدات نەوتو سامانی عێراق لەلایەن ئێرانییەکانەوە داگیر بکرێت.[٣٢]

بەشێوەیەکی گشتی ترامپ ریکلام بۆ ئەوە دەکات کە هاوپەیمانەکانی رادەهێنێت هاوکاری کەمکردنەوەی خەرجییەکانی ئەمەریکا بکەن، بەمەش دەیسەلمێنن کە گرنگی بەهاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەمەریکا دەدەن.

### ١. پرسی ئێرانو چەکی ئەتۆمی

لەساڵی ٢٠١١ و لەکتێبەکەی بەناونیشانی (تایم تو گێت تەف) ترامپ بەروونی باسلەوە دەکات کە دەبێت ئەمەریکا لەپرسی چەکی ئەتۆمیدا لەگەڵ ئێران زۆر توند بێت و پێویستە هەموو نیازو پلانەکانی تێکبشکێنێت، پاش راگەیاندنی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران، ترامپ رەخنەی توندی ئاراستەی ئیدارەکەی ئۆباما کرد و بە دۆڕاوی وەسفکردن. ترامپ لەساڵی ٢٠١٥ دا دیپلۆماتکارە ئەمەریکییەکانی ئیدارەی ئۆبامای بە لاواز لەبەرامبەر ئێرانییەکان لەقەڵەمداو لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٦ش لەکاتی چڕبوونەوەی ململانێ سیاسییەکان بۆ بردنەوەی دەنگی نوێنەرەکان، ترامپ رایگەیاند کە ئۆباما بەرێککەوتنی لەگەڵ ئێران دڵی هاوپەیمانەکانی ئەمەریکای لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەران کردووەو ئێرانی کردۆتە پاڵەوانی ناوچەکە، بەمشێوەیە ترامپ دەیەوێت مەسەلەی ڕێککەوتنی چەکی ئەتۆمی ئێران و پشتگیری توندی هیلاری لەو ڕێککەوتنە وەك چەكێك لەدژی هیلاری بەکاربهێنێت، بەتایبەتی کە کۆمارییەکان هەمیشە توندتر لەبەرامبەر پرسی تیرۆر و روبەروبونەوەی ئێرانیزمدا دەرکەوتوون.

### ٢. داعشو شەڕی تیرۆر

ترامپ لەسەرەتای بانگەشەی سەرۆکایەتیدا بەروونی ئەوەی راگەیاند کە ئەو کاردەکات بۆ تێکشکاندنی سەرچاوەی دارایی داعش. بەپێی زانیارییەکانی سایتی ناشناڵ ریڤیو، ترامپ لەلێدوانێکیدا بۆ وۆڵ ستریت جێرناڵ رایگەیاندووە "پێویستە ئەمەریکا تەواوی ئەو بیرە نەوتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکات کە بوونەتە سەرچاوەی دارایی بۆ داعش بەتایبەتی لە عێراقو لیبیا. هاوکات ئاماژەی بەوەشکردووە ئەمەریکا زیاتر لە

32. Trump: we should’ve taken Libya’s oil
http://www.businessinsider.com/trump-says-we-shouldve-taken-libyas-oil-2011-8

ملیار و نێوێک دۆلاری لە جەنگی رزگاری عێراقدا خەرجکردووە،[33] لەبەرئەوە، ترەمپ پێیوایە پێویستە ئەمەریکا تا وەرگرتنەوەی ئەو تێچووە، کۆنترۆڵی بیرە نەوتەکانی عێراق بدات. ئاماژەی بەوەش کردووە کە نابێت رێگە بدرێت ئێران بەرهەمی بیرە نەوتەکانی عێراق بباتو پێویستە ئەمەریکییەکان کۆنترۆڵیان بکەن. هەروەها، بەپێی زانیارییەکانی سایتی ئێکس پرێسی بەریتانی، دۆناڵد ترامپ رایگەیاندووە گەر ئەو ببێت بە سەرۆکی ئەمەریکا چاو بەپەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەخشێنێتەوە کە دەیانپارێزێت، لەوانە سعودیە. ترامپ ئاماژەی بەوەش کردووە کە سعودییە بەبێ ئەمەریکا بەردەوام نابێتو ناتوانێت سیادەی خۆی بپارێزێت، لەبەرئەوە گەر هاوشان لەگەڵ ئەمەریکا روبەروی داعش نەبێتەوە رێگەنادات وڵاتەکەی نەوتی سعودیە بکڕێت. لەبارەی چالاکییەکانی رێکخراوی داعشیش لە سوریا ترامپ پێیوایە کە داعش لە ئەسەد مەترسیدار ترەو پێویستە لەناوبردنی ئەو رێکخراوە لەسوریادا بکرێتەوە پێشینەی بەرنامە ستراتیژییەکان.

هاوکات، ترامپ هەوڵدەدات توندتر لەهەر کاندیدێکی دیکە بەرامبەر پرسی تیرۆر خۆی نیشان بدات. بەپێی راپۆرتێکیماڵپەڕی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی لە دیبەتی پارتی کۆمارییەکان، ترامپ بە فۆکس نیوزی راگەیاندووە کە ئەو خێزانو کەسوکارو منداڵی تیرۆرستان لەناودەباتو لەئەمەریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکانی وەدەریان دەنێت. بیانوی ترامپ بۆ ئەم کارەی ئەوە بووە کە خێزانو هاوسەری تیرۆرستانی ١١ی سێپتێمبەر ئاگاداری ئەم کارە تیرۆرستییە بوونو پێش ئەنجامدانی کردەوە تیرۆرستییەکە ئەمەریکایان بەجێهێشتووەو روویان لە وڵاتی سعودیە کردووە.

لەچاو پێکەوتنێکی لەگەڵ (سی ئێن ئێن) کە ماڵپەڕی (زەهیل)ی ئەمەریکیش راپورتێکی لەو بارەیەوە بڵاوکردۆتەوە، ترامپ رایگەیاندووە "با رووسیا شەڕی داعش بکات لەسوریا، ئەوان پێشتر ئامادەگییان هەبووە لەسوریا"

ترامپ جەختیشی کردۆتەوە کە ئەوان تەنها ئامانجیان لەناوبردنی تیرۆرەو گەر هێزێکی وەکو رووسیاش ئەو بەرپرسیارێتییە دەگرێتە ئەستۆ با ئەنجامی بدات. تەنانەت ترامپ پێشی ئاسایی بووە گەر حکومەتی ئەسەد و روسیا پێکەوە لەسەنگەرێکدا دژی داعش بوەستن.

---

33. DONALD TRUMP: 'I would bomb the s--- out of' ISIS
http://www.businessinsider.com/donald-trump-bomb-isis-2015-11

شیکەرەوە سیاسییەکانی ئەمەریکاو جیهان رەخنەی توندیان لەم سیاسەتانەی ترامپ گرتووەو پێیانوایە گەر مەیدانەکە بۆ جەنگی داعشو سوریا جێبهێڵرێت ئەوا دور نییە ئەو دوو لایەنە لەچەند خالێکدا یەکبگرنەوەو شەڕی پاراستنی یەکتری بکەن، بەتایبەتیش لەرێگای بازرگانیکردن بەنەوتو ئەو دەرچانەی کەلێوەی هەناردە دەکرێن. هەروەها پێشیوایە کە پێویست ناکات ئەمەریکا یارمەتی ئەو یاخیبوانەی سوریا بدات کە نازانێت کێنو رەنگە لەداهاتوودا کۆنترۆڵکردنیان ئاسان نەبێت. بەشێوەیەکی گشتی ترامپ پێیوایە بەشداریکردنی ئەمەریکا لەپاراستنی ئاسایشی هەر ولاتێکدا پێویستە بەبێ بەرامبەر نەبێتو ئەو ولاتە تێچووی شەڕی تیرۆرو لەناوبردنی مەترسییەکانی خۆی بدات، لەحاڵەتی تەشەنەکردنی گروپە تیرۆرستییەکانیشدا ئەمریکا بەجدی بێتە سەرخەت. هەروەها ئەوەشی بەروونی گوتووە کە باشترین رێگا بۆ لەناوبردنی تیرۆر تێکشکاندنی سەرچاوە داراییەکانی ئەو رێکخراوەیە لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. سەرەرای هەموو ئەمانە ترامپ رایگەیاندووە کە ئەو رێگری لەهاتنە ناوەوەی مسولمان بۆ ولاتەکەی دەگرێت و ئەوەش لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی ولاتەکەی. هەرچەندە ئەم بۆچونە لەلایەن سیاسییەکانی ئەمەریکاوە رەخنەی زۆری لێگیرا بەلام هێشتا ترامپ پێیوایە کە خێزانە مسولمانەکان یارمەتیدەری کردەوە تیرۆرستییەکانن لە رۆژئاواو ئەوروپادا، لەکاردانەوەی تەقینەوەکانی برۆکسلیشدا کە هەزاران ئەمەریکی بەپەرۆشەوە لەهەلوێستی ترامپیان دەڕوانی، ترامپ رایگەیاند پێویستە تەواوی مسولمانانو مزگەوتەکانی ئەمەریکا لەژێر چاودێری وردابنو بۆ رێگرتن لەهەر کردەوەیەکی تیرۆرستیش پێویستە مەرجەکانی وەرگرتنی ڤیزاو یاساکانی مافی پەنابەرێتی پێداچونەوەیان پێدابکرێتو رێوشوێنی توندتر لەفرۆکەخانەکاندا بگیرێنەبەر.[٣٤]

هاوکات، لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ " نیوز ماکس" ترامپ ئاماژە بەوە دەکات کە تەواوی سەرچاوە داراییەکانی داعش لەناودەباتو لەرێگای هێرشی ئاسمانییەوە هێرشدەکاتە سەر بیرە نەوتەکانی ژێر دەسەلاتی داعشو سەرچاوەی دارایی خۆبەخشی ئەو رێکخراوە دەبرێت لە هەرشوێنێکی جیهان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە رۆڵی پێشمەرگەدەکات و دەڵێت "کوردەکان خەڵکی دڵسۆزو ئازان، ئەوانیش بەشداری پێدەکەین لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی داعشدا"

بەوپێیەی کە ئەمڕۆ پرسی روبەروبونەوەی داعشو مەترسییەکانی ئەو رێکخراوە بوەتە ئەجێندای سەرەکی ئەوروپاو رۆژئاواو هەموو جیهان، ترامپ دەیەوێت کردەوە

34. Trump reiterates desire to murder terrorists' families: http://www.independent.co.uk/news/world/americas/donald-trump-reiterates-desire-to-murder-terrorists-families-a6912496.html

تیرۆرستییەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکاو ئەوروپاو پرسی تیرۆرو گەشەکردنی ڕێکخراوی داعش وەك کارتێکی فشار لەدژی هیلاریو ئۆباما بەکاربهێنێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری هاوڵاتیانی وڵاتەکەی. بۆ ئەم مەبەستەش بەمدواییانە ترامپ ڕەخنەی توندی ئاراستەی هەریەك لەهیلاریو ئۆباما کردو بە دامەزرێنەری داعش لەقەڵەمیدان. هەرچەندە کۆشکی سپی ڕەتیکردەوە هیچ کۆمێنتێك لەبارەی تۆمەتەکانی ترامپەوە بدات، بەڵام ئەم وتانەی ترامپ زۆر بەزوویی بووە بابەتی گەرمی ڕۆژنامەکانو میدیای فەرمی ئەمەریکا کە (سی ئێن ئێن) بەشێکی گرنگی پێکدەهێنێت. سی ئێن ئێن لە ڕاپۆرتێکدا مەبەستی ترامپی لەم بارەیەوە ڕوونکردۆتەوەو هەوڵیداوە بەجۆرێك وێنای لێدوانەکە بکات کە پرسیاری گەورە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو سومعەی وڵاتەکەی دروستنەکات.

## ٣. عێراق و پرسی کورد

دۆناڵد ترامپ زۆر بەئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ شەڕی کەنداو لەساڵی ١٩٩١ و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ دەربڕیو بەشێوەیەکی گشتی پێیوایە بونی پیاوە بەهێزەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باشترە لەئاژاوەو بوونی گروپە توندڕەوە تیرۆرستییەکان. سەبارەت بەشەڕی عێراق، ترامپ پێیوایە تەنها ئاژاوەو دوبەرەکی زیاتری خستۆتە ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پارچە پارچەکردووە، بەجۆرێك کۆنترۆڵکردنی پرسە سیاسییەکان لەدەستی ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی دەرچووە. جگە لەوە، ترامپ وەك بزنسمانێك چەند مانگێك پاش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی عێراق، ڕایگەیاند کە جەنگی عێراق تێچویەکی زۆری دەبێتو ئەو دژی ئەو جەنگەیە، لەئێستاشدا ترامپ ڕەخنەی توند لەئیدارەی ئۆباما دەگرێت بەوەی کە سەروەتو سامانی عێراقی تەسلیمی ئێرانییەکان کردوەو پێویستە ڕێگەبدرێت بەو جۆرە لەلایەن دوژمنەکانی ئەمەریکاوە بەتاڵان ببرێت. هاوکات، ترامپ ئەوەشی گوتوە کە ئەمەریکا سیاسەتێکی خراپی بەرامبەر بەکورد کردوەو نەیتوانیوە بیانکاتە دۆستی خۆی، دانیشی بەوەدا ناوە کە کورد میللەتێکی ماف خوراوەو لەروبەروبونەوەی تیرۆریشدا پێیوابووە کە پێویستە پێشمەرگە پڕچەك بکرێت[٣٥].

35. Donald Trump- Plans –regarding the KURDS, and how to defeat ISIS, at the site; https://www.youtube.com/watch?v=REiZ5GMyJP0

بەم دواییانەش میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان لێدوانێکی ترامپیان بڵاوکردەوە کە رایگەیاندبوو "سەدام کەمێك گازی کیمیایی رشت، هەموانی شێت کرد"[٣٦]

ترەمی ستایشی رۆڵی سەددام و هەڵوێستی سەددامی کردووە لە لەناوبردنی تیرۆرستاندا و دەڵێت " سەدام مەجالی گفتوگۆ و موجامەلەی بۆ تیرۆرستان نەدەهێشتنەوە و ملی دەپەراندن و لەناوی دەبردن، رێگەی نەدەدا وڵات بەمجۆرەی ئێستا وڵات یەك پارچە ببێتە مۆڵگەی تیرۆرستانی هەموو جیهان."[٣٧]

هەرچەندە روونینەکردۆتەوە مەبەستی لە تیرۆرست کورد یان سوننە یان شیعەیە، بەڵام بەوپێدەچێت ترەمپ مەبەستی لەهەموو نەیارەکانی ئەوکاتی رژێمەکەی سەدام بێت، هەر بۆیەش رایگەیاندووە "سەددام کەمێك گازی رشت ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی شێت کرد "

ئەم لێدوانەی ترەمپ لەلایەن شەقامی عەرەبی و کوردیشەوە رەخنەی زۆری لێگیراو داوایان کرد کۆمارییەکان رای خۆیان لەم بارەوە بخەنەروو.

دەوترێت ئەم وتەیەی کاندیدی کۆمارییەکان لە دژایەتیکردنی ترامپ بۆ لێدانی عێراق سەرچاوە دەگرێت کە ئەو بەکارێکی هەڵەی دەزانێت. بەپێی ر اپۆرتێکی ماڵپەری پۆلیتی فاکت، لە ٢٢ ی حوزەیرانی ٢٠١٦ ترەمپ لەوتارێکیدا لەنیۆرك ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو دژی هێرشکردنە سەر عێراق بووە لە ٢٠٠٣ و بانگەشەی ئەوەشی کردووە کە ئەو تەنانەت پێش دەسپێکردنی شەرەکەش دژایەتی خۆی بۆ لێدانی عێراق راگەیاندووە چونکە پێیوابووە کە نائارامی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دروستدەکات. هەرچەندە، میدیاکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دۆکیومنتێکی ئەوتۆیان دەستنەکەوتووە کە بیسەلمێنێت ترەمپ دژی لێدانی عێراق بووە، بەڵام وتەکانی ئێستای کاندیدی کۆمارییەکان بەوجۆرە لێکدەدرێتەوە کە ئەو هاوشێوەی بێرنی ساندەرسی کاندیدی دیموکراتەکان مانەوەی کەسە بەهێزەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەباشتر دەزانێت چونکە دوورخستنەوەیان لەدەسەڵات سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی گروپە رادیکاڵییە توندرِەوەکان و دواجار بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەخەنە مەترسییەوە، هاوکات پێشتریش ترەمپ لەلێدوانێکیدا بۆ سی ئێن ئێن رایگەیاندبوو کە ئەمەریکا سامانی ژێرخان و سەرخانی عێراقی تەسلیمی ئێرانییەکان کردووە و لەبەرامبەردا هیچی وەرنەگرتووە، لەبەرئەوە ئەو تێچووە ماددی مەعنەویەی ئەمەریکا لەجەنگی عێراقدا

36.Donald Trump Praises Saddam Hussein's Approach to Terrorism — Again
http://www.nbcnews.com/politics/2016-election/donald-trump-praises-saddam-hussein-s-approach-terrorism-again-n604411

٣٧. هەمان سەرچاوە

لەدەستیدا شایانی ئەوە نەبووە، هاوکات دەیەوێت لەم ڕێگایەوە لە ڕکابەرەکەی هیلاری بدات کە ئەو ئەوکات واژۆی هێرشکردنە سەر عێراقی کردبوو.

## ٤. کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین

لەچەند چاوپێکەوتنێکدا، دۆناڵد ترامپ دانی بەوەدا ناوە کە کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین قورسترین کێشەیە بۆ چارەسەرکردن. هەرچەندە ترامپ ڕاشیگەیاندوە کە ئەو بێلایەنانە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەدا دەکات، لەهەمان کاتدا ڕەخنەی توندی لەئیدارەکەی ئۆباما گرتووە کە هاوڕێیەتی ئیسرائیلیان کاڵتر کردۆتەوەو لەبری ئەوە گرنگییان بە ئێران داوە. بەو پێیەش چەند جارێك ترامپ ڕایگەیاندوە کە ئیسرائیلییەکان ئاشتییان دەوێتو ئەوە فەلەستینییەکانەوە ئەو ئاشتییە ڕەتدەکەوە. بەم جۆرە هەر لەسەرەتاوە دەردەکەوێت کە پێناچێت ترامپ بتوانێت ئەو بێلایەنییەی کە خۆی لەسەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا باسیکردوە بیپارێزێت. بەهەمان شێوە پێناچێت ترامپ دەستبەرداری هاوپەیمانێتی دۆستێکی نزیکی وەك ئیسرائیل ببێت بۆ فەلەستینییەکان، لە ڕێگەچارەیەکی تاڕادەیەك سەیرو سەمەرەدا، ترامپ ڕایگەیاندوە گەر بوو بەسەرۆكو فەلەستینییەکان ڕازیبن، دەیانگوازێتەوە بۆ ناوچەی (پیرتۆ ریکۆ)ی ئەمەریکا کە ڕووبەرەکەی هەزار مەتر چوارگۆشە لە بانکی ڕۆژئاوا (الضفة الغربية) زیاترە کە فەلەستینییەکان شەڕی لەسەر دەکەنو مزگەوتێکی هاوشێوەی مزگەوتی قودسیشیان بۆ دروستدەکات.[٣٨] ئەم پێشنیارەی ترامپ لەلایەك ڕەخنەی زۆری لێگیراو لەلایەکی دیکە بەوە لێکدرایەوە کە ترامپ لەداهاتودا نایەوێت ئیسرائیلییەکان بخاتە ژێر فشارەوە بۆ وازهێنان لە بانکی ڕۆژئاواو ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین. کاتێك پرسیاری چارەسەری دوولایەنەی لێدەکرێت، ترامپ هەمیشە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە فەلەستینییەکان دەست لەتیرۆر هەڵگرنو دان بە دەوڵەتی جولەکەدا بنێن.

شیکەرەوە سیاسییەکانیش وای بۆدەچن هەرچەندە ترامپ پلانێکی پێشوەختەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل فەلەستین پێ نیە، بەڵام زیاتر لە ئیدارەی ئۆباما پشتگیری ئیسرائیلیەکان دەکاتو بەرەی فەلەستین بەردەدات.

38. Donald Trump: Move the Palestinians to Puerto Rico, at the site;
http://www.themideastbeast.com/donald-trump-move-the-palestinians-to-puerto-rico /

### ٥. سعودییە

جیاواز لەهەموو پرسەکانی دیکە، هەر لەسەرەتای کامپینەکەیەوە، دۆناڵد ترامپ لەپرسی سیاسەتی دەرەوەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو جیاواز لەوانی دیکە مامەڵە لەگەڵ سعودییە دەکاتو پێیوایە گەر سعودییە بە هێزی سەربازی روبەروی داعش نەبێتەوە، ئەوا وەک سەرۆکی ئەمریکا رێگری لەئەمەریکا دەکات نەوتی ئەو وڵاتە بکڕێت.[٣٩] هاوکات، ترامپ ئەوەشی راگەیاندووە، لەماوەی سەرۆکایەتی ئەودا، گەر ببێت بەسەرۆك، ئەمەریکا چیتر سعودییە ناپارێزێت گەر پارەی بڕی تێچوی جەنگی پاراستنیان نەگرێتە ئەستۆ. ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر ئەمەریکا نەبوایە، ئەوا سعودییە خۆی پێ نەئەپارێزراو بەمجۆرەی ئێستاش نەیدەتوانی ململاتێکانی توندتر بکاتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ترامپ دەیەوێت سعودییە لەپێدانی پارەو هاوکاری ماددی بەشداربکاتو بەتێڕوانینێکی بازرگانیانە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەروەتی ئەمەریکییەکان بەبێ بەرامبەر بۆ وڵاتانی دیکە خەرج ناکاتو لەبەرامبەر پاراستنیان ناچاریان دەکات هاوکاری ماددی ئەمەریکا بکەن. شیکەرەوە سیاسییەکان پێیانوایە بەهاتنە پێشەوەی ترامپ هەندێك گۆڕانکاری لەهەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر سعودییە روودەدات، بەڵام گۆڕانکارییەکان بەشێوازی کەمکردنەوەی هاوپەیمانێتی نێوان ئەو دوو وڵاتە نابێت، بەڵکو تەنها رەنگە شێوازی پەیوەندییەکانیانو مەرجی بەردەوامبونیان هەندێك گۆڕانکاری بەخۆوە ببینێ، هاوکات بەهۆی ئەوەی کۆمارییەکان لەسیاسەتی دەرەوەدا بە توندتر لە دیموکراتەکان بەراورد دەکرێن، پێدەچێت ئەمەریکا پاش هەڵبژاردنی ترامپ هاوپەیمانەکانی خۆی لەناوچەکە بە سعودییەشەوە ناچار بکات باشتر هاوکاری ئەمەریکا بکەن و توندتر لەبەرامبەر داعش رایانگرێت.

39. Trump tells NYT he would consider halting purchase of oil from Saudi Arabia, at the site; https://www.theguardian.com/us-news/2016/mar/27/trump-would-consider-halting-purchase-of-oil-from-saudi-arabia

**ئەنجام**

کاندیدەکانی هەڵبژاردنی ٢٠١٦ی ئەمەریکا بۆ هەر یەك لە حزبی دیموکراتو کۆمارییەکان لەچوارچێوەی ئاسایشی نیشتیمانیدا تاوتوێی پرسەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن، بەتایبەتی پێیانوایە کە پرسی تیرۆر و لێشاوی بەردەوامی پەنابەران دوو پرسن کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکا هەیەو پێدەچێت ببێتە جێگای مشتومڕی زیاتری گفتوگۆی کاندیدەکان، بەو پێیەش لەئێستادا هیلاری کلینتۆنو دۆناڵد ترامپ کاندیدی حزبەکانیانن بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا، چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا رووبدات.

پرسی کوردیش لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا تەنها لەچوارچێوەی عێراقو عێراقیش لەچوارچێوەی پرسی ئاسایشی نیشتیمانیدا قسەی لەسەر کراوەو ئەو کاندیدانەی کە ئێستا ئەگەری بوون بەسەرۆکی ئەمەریکایان هەیە ستراتیژێکی رونو ئاشکرایان بۆ هەرێمی کوردستان نییەو پشتیوانی یەك پارچەیی عێراق دەکەنو پێناچێت بەئاسانی پشتگیریی سەربەخۆیی باشوری کوردستان و پارچەپارچەبوونی عێراق بکەن.

هاتنە پێشەوەی دۆناڵد ترامپیش لەسەر لیستی کۆمارییەکان کە بانگەشەی بەهێزتربونی ئەمەریکاو گێڕانەوەی سەروەری وڵاتەکەی دەکاتو رەخنەی توند لەرێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێرانو ئەمەریکا دەگرێت، پێیوایە ئەمەریکا هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیسرائیل لاواز کردووەو پێدەچێت هاوکێشەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی ناوچەکە بگۆڕێت.

بەشێوەیەکی گشتی، کاندیدەکان لەگەڵ روبەروبونەوەی بەهێزتری تیرۆر و لەناوبردنی داعشن، بەوپێیەش کە هیلاری وەك کاندیدە توندەکەی دیموکراتەکان ناسراوە، پێدەچێت هەنگاوی جیاوازو توندتر بنێت بۆ لەناوبردنی داعشو وڵاتانی دیکەی عەرەبیش لە روبەروبونەوەی تیرۆردا بەشداری پێبکەن.

## سەرچاوەکان


1. ontheissues, at the site;
http://www.ontheissues.org/Foreign_Policy.htm
2. 2016 presidential candidates on foreign affairs, at the site;
https://ballotpedia.org/2016_presidential_candidates_on_foreign_affairs
3. Will foreign policy be a major issue in the 2016 election? Here’s what we know, at the site;
https://www.washingtonpost.com/news/monkey-cage/wp/2016/01/26/will-foreign-policy-be-a-major-issue-in-the-2016-election-heres-what-we-know /
4. Compare the Candidates, at the site;
http://www.cfr.org/campaign2016 /
5. Where the US presidential candidates stand on foreign policy, at the site;
http://interactive.aljazeera.com/aje/2016/US-election-foreign-policy-stand-clinton-sanders-trump-rubio-cruz/
6. How the election works , at the site;
http://news.bbc.co.uk/2/shared/spl/hi/americas/04/us_election/election_process/html/default.stm
7. US election 2016: How does it all work?, at the site;
http://www.bbc.com/news/world-us-canada-35356941
8. Political positions of Hillary Clinton, at the site;
https://en.wikipedia.org/wiki/Political_positions_of_Hillary_Clinton
9. 2016 presidential candidates on foreign affairs, at the site;
https://ballotpedia.org/2016_presidential_candidates_on_foreign_affairs
10. Presidential Candidates Walking a Tightrope Over the Fight on Terrorism, at the site;
http://www.nytimes.com/2016/03/23/us/politics/presidential-candidates-walking-a-tightrope-over-the-fight-on-terrorism.html?_r=0
11. Donald J. Trump Foreign Policy Speech, at the site;
https://www.donaldjtrump.com/press-releases/donald-j.-trump-foreign-policy-speech
12. FULL Speech HD: Donald Trump BEST Speech EVER in Fort Dodge, IA (11-12-15), at the site;
https://www.youtube.com/watch?v=apaToLjdRp4
13. Senator Bernie Sanders Filibuster (Full 8 1/2 hours), at the site;
https://www.youtube.com/watch?v=VLNKNq9soLE
14. Bernie Sanders on Iraq, at the site;
http://feelthebern.org/bernie-sanders-on-iraq/
15. Hillary’s Foreign Policy Speech, at the site;
http://dissidentvoice.org/2016/06/hillarys-foreign-policy-speech/
16. Read Hillary Clinton’s Speech on Donald Trump and National Security, at the site;
http://time.com/4355797/hillary-clinton-donald-trump-foreign-policy-speech-transcript/
17. Donald Trump's foreign policy: 'America first', at the site;
http://edition.cnn.com/2016/04/27/politics/donald-trump-foreign-policy-speech/
18. Hillary Clinton's evisceration of Donald Trump, at the site;
http://edition.cnn.com/2016/06/02/politics/hillary-clinton-donald-trump-foreign-policy-speech/
19. CFR Backgrounders, at the site;
http://www.cfr.org/elections/us-presidential-nominating-process/p37522
20. Hillary Clinton Lays Out Policies to Curb Homegrown Terrorism Threat, at the site;
http://www.wsj.com/articles/hillary-clinton-to-lay-out-policies-to-curb-homegrown-terrorism-threat-1450201510
21. Hillary Clinton calls for more ground troops as part of hawkish Isis strategy, at the site;
https://www.theguardian.com/us-news/2015/nov/19/hillary-clinton-isis-strategy-ground-troops-airstrikes-no-fly-zone-syria
22. Donald Trump to Newsmax: I Would 'Bomb the Hell' Out of ISIS, at the site;
http://www.newsmax.com/Headline/Donald-Trump-ISIS-bomb-oil/2015/07/01/id/653148 /

23. Trump says Saudi Arabia WOULDN'T EXIST without the US and threatens to stop buying its oil, at the site;
http://www.express.co.uk/news/world/655873/Donald-Trump-Oil-Saudi-Arabia-Islamic-State-ISIS-Daesh-Republican-Presidential-America
24. Democrat vs. Republican, at the site;
http://www.diffen.com/difference/Democrat_vs_Republican
25. Donald Trump, at the site;
https://en.wikipedia.org/wiki/Donald_Trump
26. Donald Trump Biography, at the site;
http://www.biography.com/people/donald-trump-9511238
27. Donald Trump reiterates desire to murder terrorists' families, at the site;
http://www.independent.co.uk/news/world/americas/donald-trump-reiterates-desire-to-murder-terrorists-families-a6912496.html
28. Trump: Let Russia fight ISIS, at the site;
http://thehill.com/blogs/ballot-box/presidential-races/255241-trump-let-russia-fight-isis
29. Donald Trump accuses Barack Obama of being the 'founder of Isis', at the site;
http://www.telegraph.co.uk/news/2016/08/11/donald-trump-accuses-barack-obama-of-being-the-founder-of-isis/
30. Read Hilary's speech on fighting ISIS, at this site:
http://time.com/4120295/hillary-clinton-foreign-policy-isis
31. Read Hilary Clinton's speech to AIPAC, at this site:
http://time.com/4265947/hillary-clinton-aipac-speech-transcript/
32. Political positions of Hilary Clinton, at this site:
https://en.wikipedia.org/wiki/Political_positions_of_Hillary_Clinton#Arab-Israeli_conflict.2C_relations_with_Israel
33. Clinton Foundation Donors Got Weapons Deals From Hillary Clinton's State Department, David Sirota, at this site:
http://www.ibtimes.com/clinton-foundation-donors-got-weapons-deals-hillary-clintons-state-department-1934187
34. The world's Billionaires, Forbes, at this site:
http://www.forbes.com/profile/donald-trump/
35. Trump: we should've taken Libya's oil
http://www.businessinsider.com/trump-says-we-shouldve-taken-libyas-oil-2011-8